# کوردانی پارس

## راپۆڕتێک لەسەر ژیان و دابونەریتی کورد
## لە کۆتایی سەدەی ١٩




ئامبارتسووم ئاڕاکێلیان

وەرگێڕ: مەنسوور سدقی



٢٠١٦

# کوردانی پارس

**راپۆرتێک لەسەر ژیان و دابونەریتی کورد**
**لە کۆتایی سەدەی ١٩**

**ئامبارتسووم ئاراکێلیان**

**وەرگێڕ: مەنسوور سدقی**

**٢٠١٦**

## پێشەکی وەرگێڕ

دەقـی رووسـی ئەو راپـۆرتە لە مـاڵپەڕی رووسـی www.kurdistan.ru وەرگێـراوە. ئەگەرچـی ئەو راپـۆرتە بـۆ خـوێنەری ئەم سەردەمە زۆر بابەتی سەیر و سەمەرەی تێدایە، بەڵام باسی هێندێک دۆخی ژیـانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە کە بۆ لێکۆڵەرانی مێـژووی کـورد سود بەخشە.

یەکێـــک لە لایەنە گرینـــگ و سرنجڕاکێشەکانی ئەو راپـــۆرتە، تێبینییەکـانی دەسـتەی نووسەرانی گۆڤـاری "کـۆمەڵەی زەویناسـانی ئیمپراتوریـای رووسـیا، لقـی قافقـاز"ە کە رادەی ئاگـاداری گشـتی ئاکـادێمیکی رووسـیا لە نزیـک سەد و ٣٠ سـاڵ پێـش، سەبارەت بە مێژووی گەلی کورد وەک نەتەوەیەک پێشاندەدات. لەکاتێکدا ئێسـتاش هێنـدێک کەس لەنێـو مێژوونووسـانی نەتەوە باڵادەسـتەکانی ناوچەکەمان و تەنانەت خۆدی کورد نەگەیشتوونەتە ئەو بۆچوونە.

خـاڵێکی سرنجڕاکیشـی دیکە نـاوی وڵاتـی "پـارس"ە. نووسەر کە ماوەیەکی زۆر لە شاری تەورێز ژیاوە، ئەو وڵاتە بە "ئێران" ناناسێ و لە گشت راپۆرتەکەیدا بە "پێرسیا واتە پارس" نـاوی لێدەبات و تەنانەت دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زەویناسانیش ئاماژەیان بە "ئێـران" وەک وڵاتێک نەکردووە.

تێبینییەکانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "کـۆمەڵەی زەویناسـانی ئیمپراتوریـای رووسـیا، لقـی قافقـاز" بە "-. د. نووسەران" و هـی دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕی www.kurdistan.ru بە " -. د. نووسەرانی ماڵپەڕ" و هی وەرگێڕ بە "-. وەرگێـڕ" لە ژێـر نووسەکاندا و هەروەهـا لە نێو دوو کەوانی راست [...] لە دەقەکەدا، ئاماژەی پێکراوە.

## کوردانی پارس[1]

لە ساڵی ١٨٨٠، هەرێمی ئازەربایجان لە وڵاتی پارس دەکەوێتە بەر هێرشی کوردە یاخییەکانی تورکیا[2] بە سەرکردایەتیی شێخ عۆبەیدوڵلا. مەیدانی چالاکییە جەنگییەکانی شێخ، ناوەندی ساوجبلاخ دەگرێتەوە کە دانیشتووانی لە کوردی سوونە پێکهاتوون و ئەگەرچی سەر بەوڵاتی پارسن، بەڵام لەگەڵ شێخ رێکدەکەون و دژ بە حکومەتی یاسایی وڵاتی خۆیان ڕادەپەڕن. حکومەتی پارس بۆ سەرکوتکردنی ئەو راپەڕینە هێز و توانایەکی فراوان تەرخان دەکا. کوردەکان بە تێپەڕاندنی میاندوواو لە شاری تەورێز نزیکدەبنەوە و کاتێک "ناسرەدین شا" هەست دەکا "مۆزەفەرەدین"ی جێنشینیی ( ئێستا شایە) بەو هێزانەی کە لە تەورێز جێگرن توانای بەرنگاربوونەوەی لەبەرامبەر کوردەکاندا نییە، ناچار دەبێ لە تارانەوە

1 ئەو نووسراوەی بەردەستان بەو شێوەیەی کە ئا. ئا. ئاراکێلیان نووسیوێتی و لە رێکەوتی ١٨ی دیسەمبەری ١٩٠٣ لە کۆبوونەوەی ئاسایی "کۆمەڵەی زەویناسانی ئیمپراتوریا، لقی قافقاز" پێشکەشی کردبوو و بە بێ هیچ گۆڕانکارییەک لە هەواڵناوەمەی کۆمەڵەکەماندا چاپ دەکەین، بەڵام دەستەی نووسەرانی هەواڵنامە تێبینییەکانی خۆی لە هێندێک شوێنی ئەو نووسراوەیە دەخاتە روو تا ئەو گۆمانە نەکرێ کە دەستەی نووسەران لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانی نووسەر هاودەنگن. -. د. نووسەران.

2 لە زۆربەی نووسراوەکانی کۆنی رووسیدا، وڵاتی ژێر دەسەڵاتی عۆسمانییەکان بە تورکیا ناو براوە. -. وەرگێر.

هێزیک بە تۆپخانەوە و بە فەرماندەیی میرزا حۆسێن خانی سپاسالار[3]، کە پاشان دەبێ بە "سەردارالاعزەم"، بۆ تەورێز رەوانە بکات. راپەڕین سەرکوت دەکرێ، بەڵام ئەو ناوچە بەپیت و بەرەکەتە لە پانتاییەکی فراوان کاوڵ دەکرێ. پتر لە ٤٠٠ گوند دەسووتێندرێ و وێران دەبێ، بەشێکی بە دەست شێخ و بەشێکیشی بە دەستی خۆدی سەربازانی پارس.

لەو کاتەوە کە هێرشی کوردەکان بۆ پارس روویدا و لە ئورووپا لێ ئاگادار بوونەوە، ئورووپییەکان هۆی سەرەکی ئەو هێرشەیان بۆ ساختەچێتی "کۆمکاری کورد" دەگەڕاندەوە کە حکومەتی تورکیا بۆ دژایەتیکردن لە بەرامبەر داخوازییەکانی وڵاتە زلهێزە مەسیحییەکان بۆ ریفورم لە تورکیا سازیکردبوو[4].

هۆی سەرەکی ئەو هێرشە وەک ئەو زلهێزانە لێکی دەدەنەوە، بریتییە لە یەکگرتنەوەی کوردەکان لە تورکیا و پارس لە کۆمکارێکی کوردی دا. ئەو پرسە زۆرکەسی بەخۆوە مەشغۆل کردبوو و یەکێک لە وانە خوالێخۆشبوو "کرایەڤسکی" خاوەنی رۆژنامەی بەناوبانگی ئەوکاتەی رووسیا "گۆڵس Голосъ" بوو کە هۆیە سەرەکییەکانی هێرشی کوردان بۆ پارس و ڕاکێشانی کوردەکانی پارس بۆ راپەڕین دژ

---

3 هەڵەی نووسەر. مەبەستی نووسەر دەبێ حەسەن عەلی خانی گەرووسی ناسراو بە ئەمیر نیزام بێ. -. وەرگێر.

4 دەوڵەتی تورک هیچ کاتێک مەبەستی پێکهێنانی "کۆمکار" بۆ هیچکام لە کەمەنەتەوەکانی عۆسمانی نەبووە ،چونکو لای زۆر روون بوو کە سەرئەنجامی ئەو سیاسەتە لێک بڵاو بوونی عوسمانی لێدەکەویتەوە. بە پێچەوانە، دەوڵەتی عۆسمانی زۆری پێخۆشبوو کە کورد و عەڕەب فەراموش بکەن کە کورد و عەڕەبن و خۆ بە مۆسڵمان بزانن. دەسەڵاتی تورک لە نێو نەتەوەکانی تورکیا بۆ یەکگرتنەوەی "مۆسڵمانان" لەسەر بنەمای ئایین هەوڵی دەدا و هیچ یارمەتییەکی بۆ پێکهێنانی "کۆمکاری کورد" نەداوە. بیرۆکەی "کۆمکاری کورد" لە نێو خۆدی کورد دا پەیدا بوو، ئەگەریش رەخنە لە "کۆمکاری کورد" هەبێ، بە هۆی پێک نەهاتنێتی، نە بەو هۆیە کە لە مێشکی ئوروپییەکاندا سازبووە، تەنانەت شێخ عۆبەیدوللا بەڕاستی لەهەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بوو (پڕوانە: "هێندێک تێبینیی سەبارەت بە کوردەکان" سەدەی ١٩، کارتسۆڤ، "یادداشتەکان"ی کۆمەڵەی زەویناسانی ئیمپراتوریا، لقی قافقاز، ل. ٣٤٨ ). -. د. نووسەران.

به شا، سرنجی ڕاکێشـابوو. ئەو ئەرکە خرا سـەر شـانی مـن کە لەو کـاتەدا خوێنـدکار بـووم و رەوانەکـرام بـۆ ئازەربایجـان. مـن هەروەهـا لە سـاڵانی منداڵیمـدا، لە ١٨٦٥ تـا ١٨٧٤ لە تەورێـز دەژیـام و شـارەزای زمان و هەلومەرجی ناوچەکە بووم، بـۆیە دەمتـوانی بەسـەرکەوتوویی ئەو ئەرکەی دەستەی نووسـەرانی ڕرۆژنامەکە بەئەنجام بگەیەنـم. ئەو کـاتی ڕوژنـامەی "گـۆڵس" ئاکـامی لێکۆڵینەوەکـانی منـی لە زنجیـرە وتارێکدا بڵاوکردەوە کە ئیتر لێرەدا ئاماژەی پێناکام. تەنیا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە پـاش لێکـۆڵینەوەی مەیـدانی و تێگەیشـتن لە هۆیەکـانی سـەرهەڵدانی کوردەکـانی پـارس و هێرشـی شـێخ عۆبەیدوڵلا، ناتوانم هاودەنگبم لەگەڵ بیروبۆچـوونی ئەو کەسـانەی کە هۆیەکـانی ئەو رووداوە تەنیـا لە فانـاتیزمی ئایینـی و نەفرەتـی کـوردە سـوونەکان لە دژایەتـی لەگەڵ پارسـە شـیعەکان و بەربەرەکـانی لەبەرامبەر مەسـیحییەتدا دەبینـن، هەروەهـا لەگەڵ ئەو کەسانەشـدا نیم کە هۆیەکە تەنیا دەگرێنەوە بۆ سـاختەچێتی کۆمکـاری کـوردی. بە پێچەوانـە، بـۆ مـن ئەو ڕاسـتییە سـەلمێندرا کە شـێخ عۆبەیـدوڵلا بچۆکترین زیان و ئازاری بۆ مەسیحییە ئەرمەن و ئاسورییەکانی نەبووە. هەروەهـا ئەگەر هانـدەری کـوردانی تورکیـا بـۆ ئەو هێرشـە، تـاڵان و کۆشـتار بـووبێ، ئەوە کـوردانی خـۆجییی بـوون کە وەبەر رق و کینە و پەیمـان شـکێنی فێلەبـازانەی دەسەڵاتی حکـومەتی پـارس لە کوردستان کەوتن. هەر بۆیەش ئەوان لەگەڵ شێخ کەوتن.

دەسەڵاتداری حکـومەتی کـاتیی، سـالار میـرزا حۆسـێن خـانی گەروسی[5] بوو کە پاشان بوو بە ئەمیـر نیـزام و پێشـکاری ئازەربایجـان. ئەو، یەکێـک لە کەسـایەتییە سیاسـییە ناودارەکـانی پـارس بـوو و بە

5 دیسـان هەڵەی نووسەر. مەبەسـتی نووسەر دەبـێ حەسەن عەلـی خـانی گەرووسـی ناسراو بە ئەمیر نیزام بێ. -. وەرگێر.

کەسێکی روشـنبیر و هەڵگـری پەروەردەی ئورووپیـی نـاوی دەرکردبـو. [حەسەن عەلی خانی] گەروسی ماوەی ١٥ ساڵ باڵوێزی تایبەتی شـا لە دەربـاری نـاپۆلیۆنی سـێەم بـوو و دۆسـتایەتییەکی زۆر نزیکـی لەگەڵ ئەو ئیمپراتورە پێکهێنابوو. حەسەن عەلی خانی گەروسی پاش شکستی ناپۆلیۆنی سێەم لە "سێدان" [Sedan]، پاریسی جێهێشت [١٨٧٠] و گەڕاوە بۆ وڵات و لە ناوچەی گەرووس کە ماڵومنداڵی لەوێ بوون، نیشتەجێ دەبێ. دانیشتوووانی گەرووس بە دلێری لەڕادەبەدەر بەناوبانگن، بەڵام خەڵکانێکی زۆر دڵڕەق و تۆڵەئەستێنن. حەسەن عەلی خان بە دەستی خۆی باوکی پیر و ژنەکەی خۆی بە تاوانی پێوەندی دڵداریی دەکوژێ. ئەو تاوانە، واتە باوک کوشتن، کێشەیەکی بۆ حەسەن عەلی خانی گەرووسی پێک نەهێنا، چونکو بە پێی دابونەریتی عەشیرەتی و باو لە وڵاتدا، ئەو کارە تاوان نەبوو و ئەو کەسایەتییە پاشان دەبێ بە حاکمی ورمێ و کوردستان.

ئاشکرایە، کورد بریتیین لە گەلێک هۆز و عەشیرەت کە زۆربەیان لەناو خۆیاندا دوژمنایەتییان هەیە. لەکاتی نووسینی ئەو راپۆرتەدا، رێبەران و سەرۆکانی دوو عەشیرەتی کورد دەکەونە پێکدادان و ئارامیی وڵات تێکدەدەن. حەسەن عەلی خان یەکێک لەوانە دەستبەسەر دەکات، بەڵام ئەویتر ئەگەرچی زۆریشی بەدوادا گەڕان، نادۆزرێتەوە و پاش ماوەیەک بێدەنگ دادەنێشێ. حەسەن عەلی خان کەسایەتێکی بەرزی ئایینی دەنێریتە لای و سوێندی بۆ دەخووا کە ئەگەر بەویستی خۆی بگەڕێتەوە و دان بە تاوانەکانیدا بنێ، نەتەنیا گیانی دەپارێزی، بەڵکۆ بەڵێنی پێدەدا بەناوی شا چاوپۆشی لێبکات و تەنانەت پلەوپایە وخەلاتیشی پێدەبەخشێ. حەسەن عەلی خان لەبەرامبەر مەلا دا دەست بە قورئان دا دەنێ و سوێند دەخووا

"سوێند دەخووم بە ناوی خووای مەزن کە تا ئەو کاتەی من لەسەر زەوی بم، تاڵە مۆیەک لە سەری سەرۆکی ئەو هۆزە کەم نابێتەوە"، و ئەو قورئانەی بە مەلاکەدا بۆدەنێرێ، پاشان سەرۆک هۆز بەخێرا لەگەڵ مەلا دەچێتە خزمەت خان و بڵاوە بە هۆزەکەی دەکات. حەسەن عەلی خانیش بە کەپکەبە و دەبدەبە پێشوازی لە سەرۆک دەکات و بەناوی شا خەڵاتێکی لەبەر دەکا و جەژنێکی مەزنیشی بۆ سازدەکا. لە گەرماوگەرمی جێژنەکەدا، خان دەچێ بۆ ناو باخی کوشکەکەی و لە بەردەمماڵێدا بە گۆرکەنێک فەرمان دەدا تا گۆڕێکی بۆ هەڵکەنێ. پاش ئامادەبوونی گۆڕەکە تێدا ڕادەکشێ. لەو کاتەدا ئەو کەسانەی پێشتر فەرمانیان پێدرابوو، پەلاماری سەرۆک و هەموو پیاوانی دەدەن و دەیانکوژن، لێرەدا حەسەن عەلی خان لە گۆڕەکە دێتە دەرێ و دەڵێ: "خووا و هەموو ئێوە شاهیدن کە من لەسەر زەوی نەبووم و لە ژێر زەوی بووم". ئەگەرچی کورد خەڵکانێکی جەنگاوەرن، بەڵام زۆر ساکاران و هیچ بیر لە شێورێوی ئایینی ئیسلام ناکەنەوە کە شکاندنی سوێند بەوشێوە دڕندانەیە بە تاوان نەزانرێ و هیچ کەفارەشی بۆ نەبێ، بۆیە کوردان لە بەرامبەر فێلەبازیی و پەیمان شکێنیی حەسەن عەلی خاندا، بە رق و کینەوە ئاڵای ڕاپەڕین بەرز دەکەنەوە و تەنانەت لە داگیرکردنی تەواوی هەرێمی ئازەربایجان نزیک دەبنەوە. شێخ عوبەیدوڵلاش بۆ ئامانجی خۆی کە داگیرکردنی کوردستان لە بەشی پارس بوو، لەو رق و کینەیە کەڵکی وەرگرت[6].

6 ئەو بۆچوونەی نووسەر لێرەدا بیگۆمان هەڵەیە. نووسەر لێرەدا نکۆڵی لە هەبوونی سیاسەتی یەکگرتنەوەی کورد دەکات. ئەگەر سەبارەت بە هەبوونی ئەو سیاسەتە، تەنانەت سەرچاوەی دیکەش لەبەر دەستمان نەبایە، خودی ئاماژەی نووسەر بە هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، بەتەنیایی بەس بوو بۆ سەلماندنی هەبوونی ئەو سیاسەتە. نووسەر بۆخۆی دەڵێ کە عوبەیدوڵلا کەڵکی لە رق و کینەی کوردانی پارس وەرگرت بۆ داگیرکردنی ئەو بەشەی کوردستان لە پارس و گۆیا کوردی تورکیا بە مەبەستی تاڵانی

جێ ئاماژەیە کە ئەو هەڵسوکەوتەی حەسەن عەلی خان، بوو بە بابەتێکی گەرموگوڕی ئایینناسە مۆسڵمانەکان، هێندێکیان پێیان وابوو کە خان سوێندی شکاندووە و هێندیکیشیان دەیانگوت سوێند نەشکاوە. بەپێی ئەو ئارەزوویەی کە هەمبوو لە نزێکەوە ئاشنابم لەگەڵ ئەو زانایانەی باسی ئەو شێرورێویانە دەکەن، پێوەندییم لەگەڵ لایەنگرانی ئایینییە جوراوجورەکان، دەروێشەکان، نووسەرەکانەوە گرت، سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا ئاشنایەتیم نەبووە لەگەڵ نووسراوەکانی ئورووپیی لەو بوارەدا، بەڵام توانیم بۆخۆم زانیاریی وەدەست بێنم سەبارەت بە ئایینزا جوربەوجورەکانی شیعە، سۆفیگەریی، پەیرەوانی داوود، عەلی ئۆڵاهیی، دەهری، بابی و هەروەها تێگەیشتم کە شیعە لە پارس بۆ دوو ئاڕاستەی سەرەکی دابەش دەبن: شێخی و موتەشەڕیعی. لە ساڵی ١٩٠١ شانازیی ئاشنا بوونم لەگەڵ بابییەکان وەدەستهێنا. لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزێکدا بتوانم ئێوەش لەگەڵیان ئاشنا بکەم.

لەهەمان ساڵانی ١٨٨٠-١٨٨١ ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت تا لێکۆڵینەوە لەسەر شوێن، هەلومەرج، تایبەتمەندییەکان و شێوازی ژیانی کوردان بکەم و کۆمەڵێک زانیاری و بەڵگە ئێتنۆگرافییەکان سەبارەت بە کوردان کۆبکەمەوە. لە ساڵی ١٨٩٧، واتە حەفدە ساڵ پاش سەردانم بۆ ئازەربایجان، دیسان پێداچوونەوەی ئەو زانیارییانەم کرد و بۆم دەرکەوت کە لەو ماوەیەدا هیچ گۆڕانکارییەک لە ژیانی

---

دارایی و بەرهەمی ئەو ناوچە بەو کارە هەستان. ئەگەر مەبەستێکی وەهایان هەبووبا، بۆچی عۆبەیدوڵلا هیچ زەرەر و زیانێکی لە ئەرمەن و ئاسوورییەکان نەدا؟ ئەخر کەسێک کە بچێ بۆ تاڵانکردن، خۆ ناچێ بۆ جێژنگرتن لەگەڵ "گاور"ان. دەبا شیعە و "گاور"ەکانی تاڵان بکردبا و یەکڕاستیش بگەڕانەوە سەرماڵی خۆی! بەڵام عۆبەیدوڵلا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد ئەو هێرشەی کرد و نە بۆ تاڵانی دانیشتووانی مەسیحی ئاشتیخواز و زەحمەتکێش کە لە کەرتی بازرگانی و پێشەسازییدا سودێکی زۆریان بۆ کورد هەبوو. کارێکی لەو چەشنە تەنیا گەوجی و نەزانین دەبوو. -. د. نووسەران.

کوردانـدا پێـک نەهـاتووە. ڕێگۆمـان لە نـاو گەلان و هـۆزە باوکســالار و پاشــکەوتووەکاندا گـۆڕان لە دابونەریتەکـان زۆر دژوارە و هێنــدێکجاریش سـەدان ساڵی پێویستە تـا لە شـێوازی ژیانیانـدا گۆڕانکـاریی رووبـدەن.

مــن رووممــاڵکراوی لێکۆڵینەوەکــانم لە ســاڵی ١٩٠٠ لە کــۆنگرەی نێــونەتەوەیی ئێتنــۆگرافی لە پـاریس و هەروەهــا لە ســاڵی ١٩٠٢ لە ١٢هەمیــن کــۆنگرەی نێــونەتەوەیی رۆژهەڵاتناســاندا لە هــامبۆرگ پێشـکەش کرد. سـاڵی پار و پاش کۆنگرەی رۆژهەڵاتناســان، یەکێـک لە ئاشـناکانی مـن کە خـۆی بە لێکـۆڵینەوەی سـامان و ژیـانی کـوردان لە ئەرمەنستانی تورکیاوە مەشغوڵ کردبـوو، مامۆسـتا شـڤۆد، هێنـدێک بەڵگەی زۆر بەنرخـی بۆنـاردم کە پـاش هەڵســەنگاندنی لەگەڵ بەڵگە کۆکراوەکانی خۆم، بۆم دەرکەوت دابونەریت و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیـانی کـورد لە تورکیـا و لە پـارس جیـاوازییەکی ئەوتـوی نییە. بەپێـی بەڵگەکانی مامۆستا شڤۆد تـوانیم پەرە بە پرۆگرامـی لێکۆڵینەوەکـانی خۆم بدەم و ئاکامیان بە شێوازی راپـۆرتێکی تێروتەســەل لەســەر کـورد لەگۆشـەنیگای ئێتنۆگرافییەوە پێشـکەش بە لقـی قافقازیـای کـۆمەڵەی ژئۆگرافی ئیمپراتوریای رووسیا بکەم.

لە نووسراوەکانی ئوورووپی و رووسـیدا گەلێـک کـاری بەنـرخ ســەبارت بە کـورد کـراوە، بەتـایبەت لە "یادداشــتەکان" و "هەواڵەکـانی" لقـی قافقازیــای کــۆمەڵەی ژئۆگرافــی ئیمپراتوریــای رووســیا دەتــوانین لێکـۆڵینەوەی زۆر بەنـرخ بـدوزینەوە، بـۆ نمـونە لێکـۆڵینەوەی پرۆفسـۆر ئگیازارۆڤا و ئەوانیتر، مخابن زۆربەی گەڕیـدە و نووســەرانی ئوورووپـی، کورد وەک یەکەیەکی شـەڕانی، تاڵانکـار و ڕێگـر دەناسـێنن، نەک وەک یەکەیەکی ئێتنۆگرافی، چۆنکە ناسـاندنی کورد بەو شـێوەیە، بە جورێک لە بەرژەوندی ئەوان دایە.

پێش ئەوەی بچینە ناو باسی ئێتنۆگرافییای کورد، پێویستە ئامـاژە بە هێندێک زانیاری سەبارت بە کورد بکەین.

ئاپۆرای کورد وەک ئاشکرایە، بریتییە لە گەلێک هۆز و خێڵی کۆچەر و نێوەکۆچەر کە ژمارەیـان دەگـاتە ١٠٠، ئەوانە نە نیشـتەجێی وڵاتێکـی دیاریکراون و نە بەشێوەیەکی یەکگرتوو لە یەک شوێن و لە سنوورێکی دیـاریکراودا نێشــتەجێن، نیشــتمان یــان ناوەنــدێکی خــۆجێیی تــایبەت بەخۆیان نییە[7]، بەڵکو لە پانتایی نزێکەی ٢٠٠٠ مایلی چوارگۆشـەدا لە رۆژئاوای ئاسیا و لە ناو سێ وڵاتـی تورکیـا و پـارس و رووسـیادا بڵاون. کـوردان بەلانـی کەم هیـچ کاتێـک بەشـێوەی یەکجێنشـین نەژیـاون و بێبەشــن لە دەســتکەوتەکانی ژیــانی کــۆمەڵایەتی و بەشــێوەیەکی ســەرەکی لە رەشــماڵ و خێوەتەکانــدا دەژین[8]. بـۆیە دژوارە ئامــاژە بە وڵاتێکــی تــایبەت بکەیــن کە بکــرێ نــاوی کوردســتانی لــێ بنێیــن.

7 ئەوە دەکری بە هەڵەیەکی گەورە لە لایەن نووسەرەوە ناو بەرین. بەلانی کەم ئێمە گەلێـک ناناسـین کە نیشـتمانی نەبـێ. تەنـانەت "دۆم"یـش نیشـتمانی هەیە. نیشـتمانی کـورد لە قـوڵایی کەونـارەوە دانـی پێنـراوە کە بریـتییە لە نـاوچەی باشـووری گـۆلی وان و ورمـێ و رۆژهەڵاتـی دیجلە و رۆژئاوی دجلەش تـا سـنوورەکانی بۆتـان-سوو (کزنۆفـۆن پێـی دەڵـی Кентритес) و لە رۆژهەڵاتیـش بە درێژایـی چیاکـانی زاگرۆس لە وڵاتـی پارسـی ئێسـتا. ئەو ناوچەیە بە ناوی کوردستان بۆ سوریانی و ئاسوورییەکان و پاشنیش بـۆ یۆنانییەکـان (کزنفـۆن) ناســراو بۆوە. پڕوانە، "سەبارەت بە کوردســتان، H.Kiepert —«Lehrbuch der alten Georraphie», Berlin, 1878, I, 80." -. د. نووسەران.

8 لێرەدا دیسان هەڵەیەک لە لێکدانەوەکە دەبینـدرێ. گۆیا کـورد ژیـانێکی یەکجـی نشـینیی پەیڕەو ناکات و تەنیا لە رەشماڵ و چارداخدا دەژین، ئەوە وەها نییە. گوزەرانی سەرەکی کورد، ئاژەڵدارییە کە پیویستی بە لەوەڕگەی بەرفراوان هەیە. کورد، لە وەرزی بەهاردا بۆ زۆزان بەرەو چیاکان هەڵدەکشێن و هەمیشەش بەرەو شوێنێکی دیاریکراو دەچـن و زۆربەی مـاوەی سـاڵ، لەوێندەری لە ڕەشماڵەکاندا دەژین. ئەوانە بێگۆمان هۆزگەلێکی یەکجێ نشینن کە هاوینان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیـان پیویسـتیان بە لەوەڕگەی کوێسـتانەکان هەیە و زسـتانانیش دیسـان دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆیان کە ماڵ و زەوی و زاریان لەوێ هەیە و هێندێکیان لەوێ کشــتوکاڵ دەکەن. ئەگەر ئەو شــێوازە لە ژیــان و گــوزەران، بە یەکجــێ نشــینیی هەڵنەسەنگێنین، نـاتوانین بە کـۆچەرییش دایبنێیـن. کـوردانێکی بەردەوام خەریکـی کـوچ لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە بن، زۆر دەگمەنن. تازە، لە وڵاتانی تورکیا و پارسدا، گەلێک شـار و شارۆچکە هەن کە کورد لێی نیشتەجێن و دیارە لەویش لە رەشماڵاندا ناژین. -. د. نووسەران.

کوردسـنان وەک ئاماژەیەکی جوگرافی بوونی نییە، بەڵام دەکـرێ وەک واتایەکی ئێتنۆگرافی ئاماژەی پێبکەین[9].

لە رووسـیادا کـورد لە بـاکووری داوێنـی چیـای ئاراراتەوە تـا کەنـارەی ڕاسـتی رووبـاری ئاراز و دەشـتایی رۆژهەڵاتـی دەریـاچەی سـێڤان لە کۆچکردن دان.

کورد لە تورکیا، چ ئەوانەی تەنیا بەناو، رەعیەتی سوڵتانی تورکن و چ ئەوانەی بەڕاسـتی باوەڕیان بە سوڵتان هەیە، لەو ناوچانەی کە پێشـتر ویلایەتی سلێمانی بوو، و لە شارەزوور و بەغدا و مۆسـڵ و وان دەژیـن هەروەها لە بەشـێکیش لە دەشـتاییەکانی دەوڵەتـی کـۆنی ئاشـوریا، لەنێوان زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و رووبـاری دیجلـە، و لە پاشانشـینی دەمیشق و ئالیپۆ [حەڵەب] ژیان بەسەردەبەن. لە ناوچەکـانی ئەرزروم و "بایبورت"[10]یش کورد دەبیندرێ.

کوردانی ژێر پاوانی پارس، لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و لە بەشێکی مادی کۆندا دەژین. لە نێوان دوو وڵاتی تورکیـا و پارسدا و لە دەشتی هەکاری، هۆز و خێلی سەربەخۆی کـورد دەژیـن. هۆزەکـانی کـورد هەروەهـا لە لۆرسـتان، تـا دەگـاتە کەنـداوی پـارس دەژیـن، تەنـانەت لە خۆراسـانیش کـورد هەن، بەڵام ئەوانە لە کـاتی راگواسـتنە مەزنەکەی سـاڵانی ١٦٠٠ تـا ١٦٢٠، بەدەسـت شـا عەباسی سەفەوی، لە ئەرمێنیاوە بۆ ئەو ناوچەیە دوورخراونەوە[11].

9 پروانە تێـبینی 4، وەک لێـردەدا دەردەکەوێ لە روانگەی جـوگرافییەوە، کوردسـتان بـوونی هەیە. بەڵام بە تێپەڕبـوونی زەمـان سـەیر نییە کە کـورد بەهـۆی جەنگـاوەر بـوونی پەلکیشـی دەرەوەی نیشـتمانی خۆیـان بـووبن. کە وابـوو، بەڕاسـتیش ئێسـتا کوردسـتانی ئێتنـۆگرافی مەزنترە لە کوردستانی جوگرافی. -. د. نووسەران.

10 Bayburt، شـارێکە لە بـاکووری کوردسـتان. لەسـەر رێگـای ئاوریشـم بـووە. مـارکۆپۆلۆ و ئەولیای چەڵەبی سەردانیان کردووە. -. وەرگێڕ.

11 لە دەستپێکی دەستەڵاتداریی شا عەباسی یەکەمدا، عەشیرەتی چەمیشـگەزەک سەر لەنوێ دەبۆژێتەوە. بە فەرمانی شا، لکوپۆ پەرشوبڵاوەکەی کۆمەڵگـای هـۆزی چەمیشـگەزەک کۆدەکرێنەوە و بە تێکەڵکردنـی گەلێـک "کـوردانی بنەچە جیـاوازەوە" لە خەسـتییەکەی کەم دەکرێتەوە و وەک کۆنفدراسیۆنێک لە خێلەکـان بە نـاوی هـۆزی چەمیشـگەزەک بـۆ پاسەوانی

ژمارەی کورد لە تورکیا، پارس و لە رووسیا 2 تا 3 مليون کەس بەراورد دەکرێ، ئەگەرچی هێندێک ژێۆگراف و گەڕیدە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو ژمارەیە ١ مليون کەس تێپەڕ ناکات[12].

من خۆ لە پرسی زانستیانەی بنەچەی کوردان نادەم، تەنیا دەڵێم کە رووخساری ئێستای کورد، پێکهاتەیەکی تێکەڵاوە لە ڕەچەڵەک و رەگەزەکانی: ماد، مەغۆل، تاتار، ئەرمەن، تورک و عەرب[13]. گومان لەوەدا نییە کە هێندێک لە هۆزەکانی بە رەچەڵک ئەرمەنن، واتە ئەو ئەرمەنانەی کە ناچارکراون واز لە ئایین و نەتەوەیان بێنن و وردە وردە لەناو کورددا تووانەوە[14]. بۆ نموونە هۆزی مەنگوڕ، بەپێی ئەو

سنوورەکان لە هێرشی تورکان، رەوانەی خۆراسان دەکرێن. (ی. ئی. ڤاسیلیيەڤا، هۆزەکانی کورد، ٢٠١٦، ل. ٢٤)، -. وەرگێڕ.

12 مادام سەبارەت بە رێژەی ئاپورای کورد، سەرچاوە لەبەردەستە، لەو راپۆرتەدا پێویستی نەدەکرد نووسەر ئاماژە بە مەزەندەی گۆماناوی بکات. بەپێی راڤنیلسۆن [Sir Hennry Rawlinson، دیپلۆمات و رۆژهەڵاتناسی بریتانی]، (پڕوانە، کتێبی سەدەی ١٩ی "یادداشتەکان"ی کۆمەڵەی زەویناسانی ئیمپراتوریا، لقی قافقاز، ل. ٣٦٤)، لە تورکیا و لە ویلایەتەکانی ئەرزروم، دیاربەکر، بتلیس، ڤان، خارپوت و مۆسڵ، هەروەها لە سنجاخی سلێمانی، ژمارەی کورد بریتییە لە ١.٥ مليۆن کەس و بەپێی کینیێ [Edgar Quinet، مێژوونووسی سەدەی ١٩ی فەڕانسی]، (پڕوانە، کتێبی سەدەی ١٨ی هەمان "یادداشتەکان"، "روونکردنەوەکانی ژنڕاڵ زلیۆنی لە کتێبی "نخشەی بڵاوبوونی ئاپۆرای ئەرمەنییەکان لە ئەرمەنستانی تورکیا و کوردستان")، لە هەمان ویڵایەتەکان، بە بێ مۆسڵ، ١.٨٣٠.٠٠٠ مۆسڵمان، بەڵام بە لەپێشچاوگرتنی ئەوە کە کورد تێگڕایی دانیشتووانی ویلایەتەکانی ئەرزرووم، بتلیس، ڤان،خارپوتو و ٢ لەسەر ٣ی دانیشتووانی ویلایەتی دیاربەکر پێکدێنن، ئاپۆرای کورد لەو ویلایەتانە دەگاتە ١.٦٣٦.٠٠ کەس کە نزیکە لەو رێژەیەی کە راڤنیلسۆن ئاماژەی پێدەکات. بەتایبەت دەبی ئەوەش لەپێشچاوبگرین کە رێژە ئاماژە پێکراوەکەی "کینیێ"، سالآنی ١٨٩٠ و هی راڤنیلسۆن زۆر پێشتر دەگرێتەوە و دیارە لەو ماوەیەدا ژمارەی کوردان زیادتر دەکات. ئەگەر بەو رێژەیە، ژمارەی کوردانی پارس کە بەپێی "راڤنیلسۆن" ٧٥٠.٠٠٠ کەس و کوردانی رووسیا (کە ئێستا [١٩٠٤] ١٤٠.٠٠٠ کەسن.)، زیاد بکەین، ریژەی گشت ئاپۆرای کورد دەگاتە ٢.٥ مليون کەس. ئەگەر بەپێی ئامارەکانی "کینیێ" و "راڤنیلسۆن"،نرخی هەڵکشانی ئاپۆرای کورد بەراورد بکەین و لەو پڕە زیاد بکەین، ژمارەی ئاپۆرای کورد، خۆ لە ٣ مليون دەدات. -. د. نووسەران.

13 ئەگەر لەو رادەیەدا بین باسێکی وەها بوروژێنین، بیگۆمان ئەوە پێکهاتیەکی فیزیکی و میکانیکی و کیمیایی نییە. بوونی هێندێک نیشانەی رەگەز یان رەگەزەکانی دیکە لە رۆخساری تاکێکی دیاریکراوی کورددا، نابێ گشتگیر بکەین بۆ هەموو دانیشتووانی خۆجێیی کوردستان کە لە زۆربەی نووسراوەکانی بەردەستدا بە رەگەزی راستەقینەیان ئاماژە کراوە و بێگۆمان لەناخیاندا رەگەزی "مێدیی" هەیە، هەر وەک زمانەکەیان ئاماژەیەکە بۆ ئەو بۆچوونە. -. د. نووسەران.

14 ئەوە بۆچوونی تەنیا یەک نووسەری ئەرمەنی نییە، هەموو نووسەرانی ئەرمەنی بێ جیاوازیی، کاتێک باسی مێژۆی "ئەرمەنستانی مەزن لە دەریا تا دەریا " دەکەن، بەئاماژە بە نووسراوەکانی ئەرمەنی، خۆ دەخزێنە لاپەڕەکانی مێژووی کورد و بەهیچ شێوەیەکیش ناتوانن

ڕەوایەتانەی لەلای ئەوان ماونەوە، بنەچەیان دەگاتە تایفەی "مامیکۆنیا"ی ئەرمەنی[15]، کە لە مێژووی ئەرمەندا وەک تایفەیەکی شەڕکەر و دلێر ناوبانگیان هەیە. مەنگورەکان لە ناو هۆزەکانی کوردا بە شەڕکەر و شەڕانی و هاوکات سەرسەریی ناسراون، هەروەها ئەوان خۆیان بەپێی ڕەوایەتە زارەکییەکانی ناو خۆیان دان بەوەدا دێنن کە ڕەچەڵەکیان دەگاتەوە ئەرمەن و بە جیرانەکانیان دەڵێن: "bavêvan bavêmad hewra yekê" [واتە، باوکی ئێوە و باوکی ئێمە، یەکە]. ئەو ڕەوایەتە هەروەها لە هێندێک لە دابونەریتی مەسیحی کە تا ئێستا لەناو مەنگورەکاندا ماوە، دەسەلمێ[16]. ژنانی مەنگوڕ کاتێک هەوێر بۆ نان ئامادە دەکەن لە سەر هەوێرەکە نیشانەی خاچی لێدەدەن[17]، هێندێک لە کەسایەتییە ئایینییە پیرۆزەکانی ئەرمەن لە لایەن ئەو کوردانەوە ڕێزی لێدەگیرێ، گۆری چەند کەسایەتی ئایینیی ئەرمەن هەم لەلایەن ئەرمەنەکان و هەمیش لە لایەن ئەو کوردانەوە بۆتە شوێنی زیارەتکردن، سەرەڕای ئەوەش، کوردەکان ناوی ئەرمەنی لەسەر منداڵانی خۆیان دادەنێن[18].

بیسەلمێنن. پتر لەنێوەی هۆزە مەزنەکانی کورد بە بێ بەڵگە دەگەڕێنەوە سەر بنەچەی ئەرمەنی. بەڵام ناتوانن لێکبدەنەوە کە بۆچی ئەو "کوردە تازە پێگەیشتووانە" نە لەباری رووخسارەوە و نە باری شێوازی ژیانیان، بەهیچ شێوەیەک وەک ئەرمەن ناچن. بۆ نموونە، بۆچی ئەرمەنی یەکجێنیشین، وەک نووسەرانی ئەرمەنی دەنووسن، دەبێتە کوردی کۆچەر و پۆشاکی "دەستەی کۆرسی ئەرمەنی" فرێدەدن و لە ڕەشماڵ و خانووی کوردیدا دەست دەکەن بەژیان و باڵایان بەرز دەبێتەوە (بەگشتی باڵای کورد بەرزترە لە ئەرمەن) و لەنێو هۆزە کوردەکانی دیکەدا دەبنە هۆزی هەرە دلێر و جەنگاوەر؟ دیارە ئەو جورە لێکدانەوانە بەتەواویی پووچ و بێ بنەمان. -. د. ن. ماڵپەڕ.

15 بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە هۆزی مامێکان پڕوانە "تایفە (خێل)ی کوردی مامێکیان یان مامیکۆنیان". -. د. ن. ماڵپەڕ.: http://www.kurdist.ru/index.php?option=com_content&task=view&id=76

16 بەپێی نووسراوە مێژوویەکانی کورد، توێژێکی بەرچاو لە کورد بۆ یەکەمجار پەیڕەویی لە ئایینی مەسیحی دەکەن و پاش گۆڕینی ئایینیان بە ئیسلام، میراتە ئایینییەکانیانی پێشوویان بۆ ئاسۆری و ئەرمەنی و گورجییەکان جێدەهێڵن. -. د. ن. ماڵپەڕ.

17 ئەو نەریتە لەنێو کوردانی ئایینەکان هەر ماوە و دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشتی کە زۆربەی هەرە زۆری کورد و بنەچەکانی پەیڕەی بوون. -. د. ن. ماڵپەڕ.

18 بۆ نموونە ناوە هاوبەشە کوردی و ئێرانییەکانی وەک ئارام، تیگران، سوورێن بۆ پیاو و نارە، نارینە، نوورە، سووسەن، رووزانا و هتد بۆ ژن، کە لەنێو ئەرمەنیانیشدا باوە و ناسراو، بۆ دەبێ

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەربارەی بنەچەی کورد ئاماژە بە ئەفسانەیەکی پارسی بکەم . وشەی کورد بە زمانی پارسی لە واتای "گۆرد" هاتووە کە مانای پاڵەوان و بەهێز دەدات و هاوکات بەمانای "گورگ"یش دێ. نووسەری "شاهنامە"، فردەوسی بەناوبانگ، دەڵێ لەسەر شانی زۆحاکی پاشا دوو مار پەیدا دەبێ، یەکێک لە راوێژکارانی پێی دەڵێ تەنیا رێگا بۆ دابینکردنی ئەو مارانە ئەوەیە هەموو بەری بەیانییان و ئێواران مێشکی مرۆڤییان دەرخوارد بدەین. بەو پێیە هەموو رۆژێک دوو لاوی بەهێز و بەتوانا و باڵابەرز دەکەن بە قوربانی. نۆکەرانی شا کە ئەو ئەرکەیان لەئەستوو دەبێ ئەو کردەوە بێبەزییەییان پێناکرێ و هەر بۆیە هەموو رۆژێک لەجێی مێشکی مرۆڤ، میشکی دوو مەڕ دەدەن بە مارەکان و ئەو دوو لاوەی بۆ قوربانی ئامادەکرابوون، بزریان دەکەن و بۆ چیاکان دووریان دەخەنەوە. پاش چەندساڵێک چێاکان دەبنە کانگای کۆمەڵێک لاوی بەهێز و بەتوانا، ئینجا بنەچەی کوردان لەو لاوانەوە پێکهاتووە. بەڵام گەلی ساکاری پارس، بەهۆی مەیلی تالانکاریی لە کورددا ئەو باوەڕەیان لێ ڕاستگەڕاوە کە بنەچەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ گورگ[19].

هێندێک لە مێژووناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بنەچەی کورد دەگەڕێتەوە سەر ئەو گەلەی کە لە کاتی "گزنۆفۆن"دا بەناوی کاردووخ ناسراون و لە داوێنی چیاکانی زاگرۆس و لەنێوان گۆلەکانی وان و ورمێ دا دەژیان. بەڵام مێژوونووسانی کۆنی ئەرمەن شوێنی کوردستانی ئێستای پارس‌یان بە (Kordyaк یان Kordek) ناوبردووە. کوردیش بۆخۆی پێیوایە کە دەگاتەوە عەڕەب.

---

بەو مانایە بێ کە کورد ئەو ناوانەی لە ئەرمەنی وەرگرێت و نە بە پێچەوانە. -. د. ن. ماڵپەڕ.

19 ئەوە شتێکی ئاسایی کە لەنێو زۆربەی گەلان دا "ناوونرتکە" لێکنان باو بووە، بۆ نمونە لە نێو کوردانی باکووری کوردستاندا بیستوومە کە پێیان وایە، وشەی پارس لە "پارسە" بەمانی سواڵکەرەوە هاتووە، واتە گەلێک کە پیشەی سواڵکەریی بووە. -. وەرگێڕ.

کوردان، پەیرەوی لە ئایینی ئیسلام و ئایینزای سوونە دەکەن و بە نەفرەتێکی گەلێک زۆرتر لە کافر چاو لە مۆسڵمانی شیعە دەکەن.

زمانی کوردیی پاراو نییە، بەڵام زمانی سەردمییانەی کوردی پێکهاتووە لە زاراوەی جوربەجور کە بریتیین لە پێکهاتەیەک لە وشەگەلی عەڕەبی، پارسی، تورکی و تەنانەت ئەرمەنی، زاراوە هەرە پاراوەکەی کوردی نزێکە لە زمانی پارسی.

ڕێنووس و ئەلفوبێیەکی تایبەت بە زمانی کوردی بوونی نییە. کورد، ئەلفوبێی عەڕەبی و پارسی بەکار دێنێ.

بەهۆی نەبوونی ئەلفوبێی تایبەت یان نەتەوەیی، کوردان ئەدبیاتی خۆیان نییە. مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، "شەڕەف ئەدین" [شەڕەفخانی بتلیسی] کتێبەکەی خۆی بە زمانی پارسی نووسیوە.

بەگشتی، کورد بیرۆکەی نەتەوەیی و هاوپشتی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نییە[20]: لە لای کوردان تەنیا هاوپشتی ماڵباتی و عەشیرەتی گرینگە و تێگەیشتنیان بۆی هەیە. هەر کوردێک گرینگێکی مەزن دەدا بە ئاپروو و مەزناهی ئەو هۆزی کە لێهەستاوە و بە خوێنی خۆی بەرگری لە شکۆی هۆزی خۆی دەکات. زۆر بەدەگمەن تووشی هۆزەکانی کورد دەبی کە دوژمنایەت لەنێویاندا نەبێ یان شەڕ و پێکداادان لەنێویاندا نەقەومابێ و هۆی زۆربەی ئەو پێکدادانە و خوێن ڕشتنانەش دەگەڕێتەوە سەر هۆکاری زۆر لاوەکی و ئاسایی ژیانی

---

20 ئەو بۆچوونەش هیچ بنەمایەکی نییە. هەر لەو روانگەوە کە بەدرێژایی مێژوو، کورد سەرەڕای دابەشبوونی بە چەندەها عەشیرەت و شێوازی ژیانی خێلەکی، زمان و دابونەریتی خۆی پاراستووە و لەنێو دراوسێ بەهێزەکانیدا نەتواوەتەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە تەنیا خۆیان بە هاوپشتی عەشیرەتی نەبەستبووۆوە، بەڵکوو لە راپەڕین لەدژی "سالارەکان" [ئاماژەیە بە تورکەکان. "سالار" هۆزێکی تورکی ئۆغۆزن] بەیارمەتی کوردانی تورکیا هەستاوەن و تێکیان شکاندوون، هەروەها لە راپەرینەکانی سالانی پێشووتردا (بۆ نموونە، راپەرینی "بەدەرخان" لە ١٨٤٣ و ١٨٤٦) سەلماندوویانە کە کورد لەکاتی پێویستدا رەکابەرییە عەشیرەتییەکانیان فەرامۆش دەکەن و وەک شارومەند و تارادەیەکی زۆریش وەک گەلێکی پێشکەوتوو، هەستی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی خەوتوو تێیاندا بەدی دەکرێ و لەکاتی مەترسیدا پێشانی دەدەن. -. د. نووسەران.

رۆژانە. تا ئێستا هەموو هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ پێکهێنانی کۆمکاری کورد و یەکخستەوەی هۆزەکانی کورد لەسەر بنەمای یەکگرتوویەکی پانکوردی نەگەیشتووتە ئەنجام و هەر بۆیە وەک ئاماژەشم پێدا، کورد هیچ تێگەیشتنێکی نییە سەبارەت بە هەستی نەتەوایەتی و هاوپشتی نەتەوەیی و زۆر دوورە لە هەڵگرتن و خاوەنداربوونی بیرۆکەی سیاسی[21].

کوردانی پارس، وەک تەوەری لێکۆڵینەوەی ئێمە، لە سنوورەکانی نێوان پارس و تورکیا و لە هەرێمەکانی ئازەربایجان و کرمانشا و لە شارەکانی سەلماس، ورمێ، سۆمای، برادۆست، مەرگەوەر، دەشتی لاجان، ئۆشنۆ [شنۆ]، سووڵدووز، ساوجووبڵاخ، سنە، سەقز و کرمانشا دەژین. گشت ئەو ناوچانە بۆ کشتوکاڵ زۆر گونجاون و کەشوهەوایان لەبارە.

لەباری شێوازی ژیانەوە، کورد بە دوو دەستە دابەش دەبن: رەوەندی ئاژەڵدار و یەکجێنشین کە باشترە بڵێین جوتیاری ئاژەڵدار.

هۆزە رەوەندە ئاژەڵدارەکان شوێنی ژیانیان بەپێی کاتەکانی ساڵ دەگۆڕن و لە ژێر خێوەت یان رەشماڵدا دەژین کە لە لباد یان مەرەز سازدەکرێن و ژنانی کورد بەرهەمی دێنن.

خێوەتی کوردێکی ئاسایی بەشێوازی چەترێکە کە بە کۆڵەکەی دار لە ناوەڕاستی هەڵدراوە و تەنیا یەک ژووری هەیە و گشت خێزان و سامانی کە بریتیین لە سۆبەیەک کە ژنی کورد نانی لەسەر دەکا و

---

21 پڕوانە تێبینی 2، دووپاتی دەکەینەوە کە دەستەڵاتی تورکیا هیچ کاتێک هیچ هەنگاوێکی بۆ پێکهێنانی "کۆمکاری کورد" نەهاویشتووە، بەپێچەوانە بەرگریی لە پێکهاتنی کردووە. کاتێک بزووتنەوە کورد دەستی پێکرد، راستە کە پێشگریی لە هێرشی شێخ عۆبەیدوڵلا بۆ پارسی نەکرد، چونکوو دڵنیا بوو کە دەسەڵاتی پارس هێزی تێکشکاندنی ئەو هێرشەی هەیە و کاتێکیش شیخ عۆبەیدوڵلا رووبەڕووی شکشت بۆوە و گەڕاوە تورکیا، دەسەڵاتی تورکیا دەستبەسەری کرد و بۆ مەکە دووریخستەوە کە هەر لەوێندەرێ کوچیدووایی کرد. -. د. نووسەران.

یەک یان دوو بێژینگ، بێورێک، مشـارێک، چەنـد زیلـۆ و حەسـیر، چەنـد جەوالـــی کەنەفـــی پرکـــراو لە خواردەمەنییەکـــانی وەک گەنـــم، گەنمەشـامی، هەرزن، جـۆ و خـوێ، هەروەهـا پـاڵانی یەکپـارچەی گوێدرێژ، چەند تەشـتی گڵیـی و سـەرئەنجام چەک، جێگایـان گرتـووە. خێـوەتی سـەرۆک یـان ئاغاکـان ئەگەرچـی هەر لە لبـاد و یـان مەرەز سـازکراوە، بەڵام نەخـش و نیگـاری تـایبەت و بەتەواویـی بیچمێکی جیاوازی هەیە. وەک بـۆرج و یـان پیرامیـدە و بریـتییە لە چەنـد بەشـی وەک دیوەخـان بـۆ میوانـان و هونـدور بـۆ ژنـان و هەروەهـا ژووری خەو، ژووری نوێژ، ئەنبار و جێشـتخانە. هێندێکجاریش رەوەندی کورد لەجێـات خێـوەت، زەوی هەڵـدەکۆڵن و بە لکوپـۆی دار دەوروبەری هەڵـدەچنن و پاشـان بە قوڕ دایدەپۆشـن، تا نێوەی ژوورەکە لە زەوی دایە و زۆر تـاریکە و تەنیـا لە نێوڕاسـتی بـانەکەی کـولانکەیەکی بـۆ دەکەنەوە و لە ژێـر کـولانکەکە ئاگردانێـک سـازدەکەن و لە دەرەوەشـەوە کـولانکەکە وەک بۆرجێک بەرزدەکەنەوە.

مالی جوتیاری ئاژەڵـداری کـوردیش کە زۆر پیسـە، یـان لەنـاو زەویـدا هەڵکەنـدراوە و یـان بەلانـی کەم کـولانەیەکە 1 تـا 1.5 ئارشـین [1 ئارشین =70.9 cm] بەرزتر لە زەوی، دیوارەکـانی لە خشـتی نەبـرژاو پێکهـاتووە کە سـواخ (تێکەڵاوێـک لە گـڵ و کـا و خـوێ) دراوە. ئەو کولانکەیە لە یەک یان دوو چاوە پێکدێت کە بە پەرژینێکـی چنـدراو لێـک جیـادەکرێنەوە، لە چاوەیەکـدا جوتیـار و خێزانـی و لە چـاوەکەیتریش ئاژەڵەکەی دەژیـن. ئەگەریـش ژمـارەی ئاژەڵەکـانی زۆر بـن، ئەوە تەویلەیەکی گەورە و جیاواز سازدەکا. مـاڵی کـورد بە فەڕش و گلیـم و چەکی گرانبەها و قاپ و قاچاخی مس بە نەخش و نیگاری جوربەجـور دەرازێتەوە. بەڵام زەویدارە مەزنەکـان و سـەرۆک عەشـیرە و میرەکـان

خـاوەن خـانووبەرەی دوو نهـوومی و گەورەن کە چەنـدین ژور و بـاخ و باخچە و مەلوانگە لەخۆ دەگرێت و بەو خانووبەرانە دەڵێن کۆناک.

کورد  لە هۆزی جوراوجور پێکهاتووە کە سـەرەکی‌ترینیان بریتیین لە:

١- مەنگوڕ، کە بە مەودای دوو فەرسـەخ دورتر لە ساوجووبڵاخ دەژیـن و سـەرجەم ٢٠٠٠ خێـوەت دەبـن کە بە ئازایـی، بێبـاکی، شـەڕکەریی بەناوبـانگن. هـۆزێکی سـاماندارن و بەردەوام لەتێکهەڵچوونـدان لەگەڵ حکومەتی پارس. لە کاتی سەردانمدا، هەمزە ئاغا سەرۆکی هۆز بوو.

٢- مامەش کە لە لاجان دەژیان و ٢٨٠٠ خێوەت دەبن.

٣- دێبـوکری، ٣٠٠ خێـوەت دەبـن و بە چەنـد هـۆزی بچۆکـتر دابەش دەبـن. سـەرۆکەکانی ئەو هـۆزە خۆیـان بە پاشـەرۆکی سـەرکردە و جەنگاوەری بەناوبانگ، قادر ئاغا دەزانن.

٤- مـوکری، سـەرۆکەکانیان خۆیـان بە پاشـەرۆکی مەجیـد خـانی موکری دەزانن کە دەسەڵاتی پارس بۆ قەرەبـووی قەرزەکـانی بیـانی و رووسـەکان پتر لە ٣٠ گوندی گەورەی لێ ئەستاند. خانبـابا خـان بـرای سەرۆکی ئێستای هـۆز بە تـاوانی رێکەوتـن لەگەڵ شـیخ عۆبەیـدوڵلا، بەدەسـت هێزەکـانی حکـومەتی پـارس کـوژراوە. بەڵام مـامی کە سەرۆکی بەشیکی‌تری موکرییە، واتە فەیزوڵلا بەگ، ٢٢ کوری لەپاش خۆی جیهێشتووە.

٥- پیرانی، لە ١٠٠٠ خێوەت پێکهاتووە.

٦- زەرزا، لە ٨٠٠ خێوەت پێکهاتووە.

٧- شـکاک، لە ٤٠٠٠ خێـوەت پێکهـاتووە کە لە سـۆما و برادۆسـت، سـەر سـنوری تورکیـا دەژیـن. خەڵکـانێکی لەڕادە بەدەر تۆنـدوتیژن و بەردەوام لە دووژمەنداری و تێکهەڵچوونی چەکداری دان لەگەڵ یەکێک لە هۆزەکانی کورد لە تورکیا.

٨- راوەندی [ڕەوەندی]،

٩- زەیلانی،

١٠- برادەشتی، [برادۆستی]

١١- هەرکی،

١٢- ڕۆڤانـدی، پێکهـاتووە لە ٣٠٠ خێـوەت، کە لەنێـو هۆزەکوردەکانـدا لەهەمـووان تۆنـدوتیژتر و جەنگـاوەرترن و بـۆ هەر بســتێک لەوەڕگە و زۆزان دەست بۆ چەک و کوشتن دەبەن.

لەنێو ئەو هۆزانەدا ئیزیدیەکانیش دەژین، کە ئەگەرچـی بە رووخســار وەک کــوردیش دەچــن، بەڵام زۆرکەس بەهەڵە وەک کــورد پێناسـەیان دەکەن[22]. هەروەها هێندێک هۆزی بچـۆکیش هەن کە لە ١٠٠ بـۆ ٢٠٠ و تەنانەت ٥٠ خێوەت پێکهاتوون. هەر هۆزێک لە لایەن یەک یـان چەنـد سـەرۆک هۆز (ئاغا) ڕێبەریی دەکرێ.

ئەو هۆزانەی کە لە تورکیـا دەژیـن و لەگەڵ هـۆزە کوردەکـانی پـارس یان دوژمنایەتییان هەیە و یانیش خزمایەتی، بریتیین لە: گاسـنانی (کە سـوارەکانی حەمیـدیان پێکهێنـاوە)، مەرزیکـان[23]، شــکاک، درسـێمی، خرانی، ئیزۆلی، پیروانی، ئالانی، شـیخاسـانی، حەیدەرانی، جیبەرانی و هتد.

کورد وەک گەلێکـی ســاکار و دواکەوتـوو بە ئیرادەیەکـی پتەو و پڕ لە هێزو توانا و هزرێکی گەلێک تۆلەئەسـتێنەر، بەسـەر دەیان هۆزی بچۆک و گەورە دابەشـبووە. زۆر لەناکاو هەڵدەچێی و زۆر خێـراش لە لێـدوانەوە

22 ئەو بۆچوونە بەتوواوی هەڵەیە و هیچ پیوەندییەکی بە راستییەوە نییە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە بۆ سـەلماندنی. ئیزدیی، هەمان کوردە، بەڵام کوردێک کە باوەڕی بە ئایینی ئیسـلام نییە و هەڵگر و راگری ئایینێکی کەونارە کە لە ئایینی زەردەشتی نزیکە. -. د. نووسـەران.

23 عەشـیرەتی کـوردی مەرزیکـان لە ڕۆژانـی ٢٤-٢٥ مـانگی جـولای سـاڵی ١٨٧٩ لە کـاتی گەڕانەوەیان لە ئێـرانەوە بەرەو تورکیـا لە "دۆڵـی خانسـوور" دەکەونە بەر هێرشـی چەتەکـانی ئەرمەنی [فەداییانی ئەرمەنی حیزبی داشـناک] و هەموویان دەکوژرێن و لەنێـودەچن. -. د. ن. ماڵپەڕ.

دەگاتە کردەوە و دەست بۆ چەک دەبات. شەڕ و پێکدادانی خوێناوی لە نێوان هۆزەکاندا بێ بڕانەوە ڕوودەدات و هەر هۆزێکیش لەو بڕوایە دایە کە لە شەرەف و ئابڕووی هەرەشە لێکراوی خۆی بەرگری دەکات. بچوکترین بێ ڕێزی و یان بەهانە، زۆر خێرا دەبێتە هۆی کردەوەی دووژمنکارانە لە نێوان دوو هۆز دا کە تا دوێنێ بە ئاشتی لەگەڵ یەکدا دەژیان. زۆربەی ئەو شەڕ و پێکدادانانەش ساڵانێکی دور و درێژ بەردەوام دەبن تاکو یەکێک و یان هەردوو لایەن لەناو دەچن. باسی نموونەیەک دەکەم. لە ساڵی ١٨٨٠، ژنێکی ئاسایی هۆزی مەنگوڕ سەردانی ماڵباتێکی ئاشنای لە هۆزی مامەش دەکات، پێش گەیشتنی بۆ رەشماڵی ئاشناکانی، لە لایەن ئاغایەکی مامەش دەستدرێژیی لێدەکری. ژنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان و کێشەکە لای هاوسەرەکەی دەگێڕیتەوە، بەپەلە ریشسپیان و میرانی هۆز کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن دەبێ ئەو ئەتکەی بە هۆز کراوە بەخوێن بسڕنەوە. تەواوی هۆز ڕێکدەکەون بۆ هێرشبردنە سەر مامەشان و ئەو پێکدادانە چەندین ساڵە بەردەوامە. هەزار کەس لە مەنگوڕ و ٢٠٠ کەس لە مامەش، لەوانیش سەرۆک هۆزانی هەردوولا دەکوژرێن و لەو کاتەوە تا ئێستا چەند جیل گۆڕاوە و توونێتیی تۆڵەئەستێنەوەی ئەو شەرە هەر بەردەوامە و ئێستاش نەنیشتووتەوە.

لەڕاستیدا لەنێو کوردانـدا دوو چینی فەرمانـدار و فەرمانبەر بەدی دەکرێن، واتە چینی بەگ و ئاغا و چینی خەڵکی ئاسایی. بە خەڵکی ئاسایی دەڵێن "رەعیەت" و بریتیین لە وەرزێر و جوتیارانی کارکەر و بێبەش لە خاوەنداریی زەویوزار و سامان کە لەژێر دەسەڵاتی چینی نەجیبزادەی، ئاغا، میر، بەگ و میرمیرانی خاوەندارانی گشت سامان و زەویوزار، فەرمانبەریی دەکرێن. چینی ئاغاکان و خاوەن زەوییەکان

کـاردانەوە و کـاریگەرییەکی یەکجـار زۆریـان لەسـەر خەڵکـی ئاسـایی هەیە، جگە لەهەڵگیرساندنی شـەڕ، هەڵگرتنی چەکوچۆڵ و غـارکردن بە ئەسب، کار و گوزانێکی‌تریـان نییە. هیـچ کارێـک نـاکەن و بـۆ چینـی نەجیبزادە، کار لەسـەر زەوی، کرین و فرۆشـتنی کەلـوپەل و پیشـەوری وەک سـووکایەتی هەڵدەسەنگێنن. ئاغـا و میـر مـافی زەوتکردنـی تەواوی ماڵ و سامانی "رەعیەت" بەخـۆ رەوا دەبینـن و "رەعیەتـی"ش ناتوانێ هیچ بەرگرییەک لەخۆ بکات. ئەگەر ئاغا یـان کەسـێکی دیـاری هـۆزێکی کـورد، لە جوتیـارێکی هـۆزێکی‌تر دەسـت بوەشـێنێ و یـان بێرێـزی پێبکـات، ئەو جۆتیـارە مـافی بەرگرییکـردن لەخـۆی نییە و تەنیـا دەتوانێ سکاڵا لە ئاغا یان کەسـی دیـاری هـۆزەکەی خـۆی بکـات کە ئەوانیـش لەوانەیە داوا لەوانی‌تـر بکەن تـا جوتیـارەکە رازی بکەن. سـەرەڕای ئەو دوو چینە، چینێکی دیکە کە بریـتین لە دەروێـش، سـەید و شـێخ، واتە پیـاوانی ئایینـی، چ لەلای "رەعیەت" و چ لە لای ئاغـا، خـاوەن پێگە و پلەیەکـی بەرزن. دەروێشـەکان و بەتـایبەت شـێخەکان رێزێکـی تایبەتیـان هەیە، دەروێشـی کـورد هاوشـێوەی هاوتـا فارسـەکانیان نیـن. هەر دەروێشـێکی کـورد دەفەیەکـی بەدەسـتە و لەپێش هەر رەشـماڵێک دەسـت دەکـات بە دەفە لێـدان و هەڵپەڕیـن و گۆرانی گوتن و پێهەڵگـوتن بە شـێخە بەناوبانگەکـان و بەتـایبەت شـێخ عەبدولقادر، جەدی شێخ و سـەرۆک عۆبەیـدوڵلا. لە شـارەکاندا خەڵـک نـان و لە گونـدەکانیش جۆتیـاران پـاش هەڵگرتنـی خەرمـان، گەنـم و جۆیـان پێـدەدەن. رۆژی چوارشـەممان و یـان رۆژانـی جێـژن، تەواوی دەروێشـانی نـاوچەیەکی دیـاریکراو لە مـزگەوت کۆدەبنەوە و دەسـت دەکەن بە "زکر" کـردن. لەسـەرەتا لەگەڵ لێـدانی دەفە، سـەدان جـار و بـێ بـڕانەوە دەڵێـن: "لا ئیلاهە ... ئیلەڵلا"، پاشـان بەپەلە بەگـوتنی

“حەیە، حەیە” دەکەونە حـــالەتی بـــوورانەوە [جەزم] و بە مشـــت دەکەونە لێـدانی سەری یەکـتر و یـان کۆتـانی سەریان بە دیـواری مـزگەوت و نزیـک دەبنەوە لە ئاگرێکـی کە کـراوەتەوە و پۆلۆکـانی ئاگـر لەسەر دەستیان دەگێڕن و دەسـتدەکەن بە هەڵبەزینەوە بەشـێوەیەک کە خەڵکـانێکی بـۆ یەکەم جـار ئەو ڕێوڕەسـمە دەبینـن، پێیـان وایە ئەو خەڵکە شێت بوون، هەر وەک چۆن منێش ئەو هەستە لام درووستبوو. بەڵام کـوردانی بەشـداربوو لەو ڕێوڕەسـمەدا بەچـاوێکی سـتایش و خێرەوە ئەو هەڵسوکەوتەی دەروێشان هەڵدەسەنگێنن و پێیـان پیرۆزە. هەر دەروێشێک مریدی شێخێکە و ئامادەیە خـۆی بـۆ بەکوشـت بـدات. شێخ هەمیشە سواری ئەسبە و دەروێش بەپێیێ پیادە لەپێشـی دەڕوا و بەلێدانی دەفە و “زکر” کردن بە شێخ هەڵدەڵێ.

بێ ئەملاوئەولا، هەموو کورد پسـپۆرانی ئاسـت بەرزی سەربازیین، چ ئاغا و چ “ڕەعیەت” دەزانـن چـۆن چەک بەکـار بێنـن، تەنـانەت ژنـانی کـورد لە مەیـدانەکانی شەڕدا یارمەتیـدەری پیاوانیـانن. لە سەردەمی مندا، هاوسەری سەردار عەزیز خان[24] (پزیشکار و فەرماندار گشـتیی ئازەربایجان)، سوارکارێکی بێـوێنە بـووە، تەنـانەت باشـترین سـوارکاری پیاو ئیرەیی پێبردووە. خەڵکی کورد لەوپەڕی نادانیدان، تەنانەت چینـی دەستروویشتووی میـران و ئاغاکـانیش نەخوێنـدەوارن و ڕێژەیەکـی زۆر کەمیان خوێندن و نووسین دەزانن. گشت کورد، ج ئاغـا و چ “ڕەعیەت” زۆر دەمارگیرن. ئاغاکانی کوردستان بـێ پسـانەوە ٥ جـار لە ڕۆژدا نـوێژ

24 بەپشت دەگاتەوە قوباد خانی موکری، لە سەردەمی ناسرئەدین شای قاجار بە پێشنیاری “ئەمیر کەبیر” دەبێتە “ئاجودان باشی” و فەرماندەی گشتیی هێزە سەربازییەکان، زۆر جێگـای متمانەی “ئەمیر کەبیر” بووە. تەنانەت کاتێک بەفەرمانی شا، “ئەمیـر کەبیـر” دەکـوژن، دەڵـێ: ئەمنیش لەنـاو بەرن، پـاش مـن کەسـێک هەیە وڵات ئاوەدان بکـاتەوە، ئەویـش کەسـێک نییە جگە لە عەزیز خان، سەرداری گشتی. -.ویکیپێدیا. -. وەرگێڕ.

دەکەن، تەنانەت لە چوون بۆ شەر و یان کاتی پیاوکوشتنیش دا بێت نوێژیان ناچێ.

بێگۆمان کوردانی پارس و تورکیا خۆیان بە بەشێک لەو دەوڵەتانە دەزانن و دەسەڵاتی ئەو دوو وڵاتەش لە بەڕێوەبردنی ناوخۆی ئەو خەڵکە دەستێوەردانیان نەکردووە و بەڕێوەبردن تەنیا لەدەست چینی دەستڕۆیشتوو، واتە ئاغاکان دایە.

هەر خێلێکی کورد سەرۆکێکی سەرەکی هەیە کە دەسەڵاتی رەهای خێڵی بەدەستە و حوکمێکی بێسنووری هەیە و تاقە دادوەری خێڵە. ئاغا، هەم دادوەرە و هەم جێبەجێکارە. بەهەموو تاوانەکان رادەگا جگە لە تاوانی شەرعی نەبێ کە ئەرکی قازییە. ئاغا بڕە پارەیەکی دیاریکراو وەک باج و رسووومات دەدا بە حکومەت کە پێوەندیی بە ژمارەی رەشماڵ و ماڵباتەکانی خێڵەوە نییە و ئەوەش گشت پێوەندیی نێوان ئاغا و دەسەڵاتە و تاقە پێوەری شارومەندبوون ئاغا و خێڵەکەیەتی.

بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی خێڵ و پرسی دادوەری، مافی بێ ئەملاوئەولای سەرۆکە. سەرۆکایەتی میراتییە. سەرۆکی خێڵ یان ئاغای گوند، رادە و رێژەی سەرانە، جا چ بەرهەمی سرووشتی، چ دراویی و پارە بێ، بۆ هەر کەس دیاری دەکات. هیچ چاودێری و لێپرسینەوەیەک لە هەڵسوکەوتی سەرۆک و یان ئاغا نییە. خواردنی کوردان سادە و پیاوسالارانەیە. خواردنی ئاسایی بریتییە لە نانی ساج، شیری ترشاو [ماست]، پەنیر و کەرە، بۆ خواردنەوەش، شیر، ئابدوغ (شیری ترش تێکەڵ بە ئاو) [دۆ] و شەربەت. پەنیری کوردی کە لە شیری مەڕ ساز دەکرێ و گەلێک سەوزەی تێکەڵدەکەن لە پارس ناوبانگی هەیە و زۆر بەتامە. لە کاتی جێژن و رێورەسمەکان و

زەماوەند و یان خێروخێراتی میران و ئاغاکان، خواردنەکـان گەلێـک زۆرن وەک، مــــامری ســــــوورکراو، گۆشـــــتی بەرخ و مەر، پڵاو، ســــاوار، گەنم،گەنمەشامی و کفتە. بەتایبەت ئەو خواردنـانە بـژاردەن: بـوربەل، کەوڵەمە، گۆما یان پاتیـل، زەرەڤـات، پەنیلـی، جەموولانکـان،هەروەها ئەوانەش کە لە نـاو ئەرمەنیانــدا هەیە، ســـینگوور، بومبـار، مـالەز و سلەمانێ.

چۆنییەتی لێنانی هێندێک لەو خواردنانە باسدەکەین:

**بـوربەل** [بەربەسـێڵ]، گۆشـتی مەڕ لەگەڵ دووگەکەی لەت و پەت دەکەن و لەگەڵ ئاو و شـیری ترشــاو لەنێـو مەنجەڵـدا دەیکـوڵێنین و پاشــــانیش هەر بەو مەنجەڵە پێـــت دەدەن بـــۆ خـــواردن. **کەوڵەمە**، ئاگرێکــی مەزن لە دارســـتا دەکەنەوە و لەتەنیشـــتی قـــووڵەکەیەک هەڵــدەکەنن و بەشـــێک لە ئاگـــرەکەی تێـــدا پانـــدەکەنەوە. مەرێـــک سـەردەبڕن و کەوڵــــی دەکەن و دیســــــان لە کەوڵەکەی دەپێچنەوە و دەیخەنە سـەر ئاگـری نێـو قـووڵکەکە و بە پۆلـوو و خـۆڵەمێش و خـاک دایدەپۆشـن. پاش ٣ کاتژمێر قووڵکەکە هەڵدەدەنەوە و گۆشـتەکە لە نێو کەوڵەکە دەردێنن و دەیخۆن. **گۆما یان پاتیل** [هەرمێشـک]، ئاگرێکـی خـۆش لە ئاگـردان دەکەنەوە هاوکـات کیژێکـی کـورد بە شـیر هەویـر دەگرێتەوە. گەلێک تەختەبەردی لە دەوروبەری ئاگردانەکە ریز دەکەن تا باش داغ بـن. کابـانی کـورد هەویرکە دەکـات بە تـۆپەڵە [ئەنگووتـک] و پاش خاوێنکردنەوەی تەختەبەردەکـان، دەیانخـاتە سـەریان و بە پۆڵـوو و خۆڵەمێش دایـان دەپۆشـێ. پـاش هەڵتۆقـانی تـۆپەڵە هەویرەکـان، لە خـــۆڵەمێش پاکیـــان دەکـــاتەوە و بەری ژێـــر و سـەرەوەی کە بەجۆانی برژاون، لێکیان دەکاتەوە و ناوکی تۆپەڵەکە دەردێنی و ورد وردی دەکات و دەیخاتە ناو دوو بەشـەکەیتر کە وەک پیاڵەن و پڕی دەکات لە روونی

کەرەی داغکــراو. هەمــوو لە دەوری ئاگــردانەدا کــوودەبنەوە و هەر کەسێک یەکێک لەو پیاڵانە بەدەست دەگرێ و دەیخۆن. **زەرەڤـات**، بە ئاو هەویرێـک دەگـرنەوە، دەیکەن بە تـۆپەلەی بچۆک بەقەرای هێڵکە و پاشـان بە وەردێنە پانی دەکەنەوە تا وەک "لەڤاش" [لەواش] زۆر تەنک دەبێ و لە سـەر ساج دەیـبرژێنن. نانەکـان یەک لە دووای یەک لەسـەر یەک دادەنێن و بە دەسماڵێک دایدەپۆشـن. پاشـان لە بنی مەنجەلێکی مـس، هێنـدێک شـیری تـرش [ماســت] تێکـاڵاو بە سـیر رۆدەکەن و نـانێکی دەخەنە سەر و بەوشـێوەی دیسـان شـیری تـرش و سـیری تێهەڵدەسـوون و تـا مەنجەڵاکە پڕ دەکەن و لەسەر ئاگرێکـی کـز یـان پۆلووی ئاگر دایـدەنێن تـا شـیرە ترشەکە لە هەمـوو نانەکـان دەمـرێ و پاشــان قاشــی دەکەن و روونــی داغــی پێـدادەکن و دەیخـۆن. **بومبـار** [گیپە]، لە ورگــی مەڕ، بــزن یــان گــا ســاز دەکــری کە بــاش بە ئاو دەیشۆنەوە و پڕی دەکەن لە برینـج و پیـواز و بیبـار و بەهـارات و لەنێـو گۆشــتاودا بــاش دەیکــوڵێنن. **مــالەز**، ئاوی ترێــی تــازە لەگەل ئارد دەکوڵێنن [دۆشاو] و پاشـان روونی پێـدادەکن و دەیخـۆن. **سـلەمانێ**، ئاوی تـرێ یــان میـوەیتر بە سەر بەفـری تازەبــاریو دەکەن [بەفـر و دۆشـاو] و دەیخۆن.

کورد بەگشتی زۆر میوانداره، ئەگەر کەسێک رێگـای لە رەشــماڵێکی کـورد بکەوە، جــا تەفـاوەتی نییە، نەیـاری بــێ یــان کــافر، بێگۆمــان میوانداریيەکی باشـی لێدەکرێ و هیچ ئازارێک نابینێ، لەهەر ژەمێکیدا بێ، خوانێکی چەرم یـان پـارچە لەسـەر فەڕش پانـدەکەنەوە و خـواردن هەرچیـان لە ماڵـدا هەبـێ لەپێشــی دادەنیـن، گەورەتریـن نیشــانەی میوانداری و رێز لە میوان بریتیی لە رادەی نانێک کە لەسـەر خوان بـۆی دادەنێـن. بەبـاوەش نـانی لەواش دادەنـرێ و نـانی کەم نیشــانەی

بێرێزی بە میوانە و مایەی شەرمەزاریی کابانیماڵە. لەکاتی خواردنی ئەو خواردنە خۆشانەی وەک بوربەل یان کەوڵەمە، هەموو لەدەوری خوان دادەنیشن و قوڵی کرسیان هەڵدەکەن و بەدەست وەبەر خواردن دەکەون. بەکار هێنانی کارد و چەنگاڵ بۆ کوردان بێگانەیە و لە کەوچک تەنیا بۆ خواڕدنەوی ئابدوغ [دۆ] و شەربەت کەڵك وەردەگرن.

گەڕۆکێک لەوانەیە بەرۆژان و مانگان لەنێو کوردانـدا بسووڕێتەوە و هیچ تێچوونێکی لەسەر نەکەوێ. سەردانی هەر گوند یان ڕەشماڵێکی کوردان بکەی، بێگۆمان لەگەڵ میوانداری لەخۆت و نوکەرانت ڕووبەڕوو دەبی و وڵاغەکانیشت بێ تفاق نامێننەوە. میوانی موسڵمان یەکراست ڕەوانەی مزگەوت دەکرێ و خزمەتکردنی ئەرکی دانیشتووانی گوندە. تا ئەو کاتەی کەسێک لەنێو ڕەشماڵ یان لە گوندێک میوانە، هیچ مەترسییەک یان بێرێزییەک تووشی نابێ، بەڵام هەر کە لە سنووری گوند دوور بێتەوە، ئیتر دڵنیاییەک نییە نەکەوێتە بەر هێرش، تەنانەت هێرشی ئەو خانەخوێەی کە میوانداریتی کردبوو[25].

هەر خێلێک شێوازی پۆشاکیان جیاوازە لە خێڵەکانیتر، بەڵام زۆربەی بەو شێوەیەی خواروو جل دەپۆشن:

پیاوان کراسێکی فش و درێژ لەبەر دەکەن کە لە پارچەیەکی سپی و ڕەقی کەتانی درووواوە و دوو قوڵی زۆر درێژی هەیە [سۆرانی] و بەردەوام شۆڕدەبنەوە و سێ گۆشەیەک ساز دەکات. کۆتایی ئەو دوو قۆڵە لێکگرێدەدەن و دەیهاوێژنە ملیان. هەر لەو پارچەیە کە کورد پێی دەڵی جاو، ژێرشەڵوار یان شەڵوارێکی فش و ناقۆڵا دەپۆشن. لەسەر ئەو کراسە و لە ئاست کەمەردا، پشتوێنێکی ئاوریشمی یان

25 بە پێچەوانە، بەپێی زۆربەی نووسەرە گەڕۆکەکان، کورد میوانەکانی خۆی تەنانەت تاکو ماڵەوە یان شوێنی مەبەستی، بەڕێدەکات جا یان کور یان برای خۆی لەگەڵ دەخات. - ماڵپەر.

پـارچەیەکی تەنـک لەخـۆ دەپێچـن کە درێـژایەکەی دەگـاتە ١٠ تـا ١٥ ئاڕشـین [یەکەی درێژایـی لە رووسـیا=٧١ سـانتیمیتر]. ئەو پارچـانە بەتایبەت لە نـاوچەی "قاسـپوورەکان[26]" لە ئەرمەنسـتان و ئەینتـاب[27] و ئالیپـۆ [حەلەب] بەرهەمـدێت. لەسـەر ئەو پشـتوێنە فیشـەکدانێکی چەرمـی دەبەسـتن بە چەنـدین گیرفـان کە هەریەکەی بـۆ بـاڕوت، فیشـەک، دەمـانچە، خەنجەر و پێداویسـتییەکانی تەرخـانکراوە. لە دوو لای پشتوێنەکە چەند تورەکەیەکی بچوکی چەرمی ئاوێزانن بـۆ پـارە، تووتن، بەردی چەخماخ و وردەواڵە. لە هاوێن، "میلتان" یـان "چۆکبـان" لەسـەر ئەو کراسـە لەبەر دەکەن و لە زسـتان، "شـەبەک" و "ئابـا". "میلتان" بریـتیی لە سـۆخمەیەکی قۆڵـدار لە خـوری یـان مەرەز و یـان هێنـدێک جـار لە خـۆری وشـتر کە سـینگی بەتەوایـی واڵایە یـان بە نێرەومـێ دادەخرێـت. "چۆکبـان"یـش هەر وەک "میلتـان"ە بەڵام لە ئاوریشـم یان لە پارچەی خوری گرانبەهـا سـاز دەکـرێ و قۆڵەکـانی لە ژێـرەوە هەتـا سـەرەوە واڵایە، بەشـێوەیەک کە لە کـاتی رۆیشـتندا دەشـەکێتەوە. لەسـەر قۆڵ، سـینگ و یەخەی "چۆکبـان"ی دەوڵەمەندانی کورد درووماني زێڕین لە گوڵ و بیچمی جوراوجوری پێوە درووواوە. "شـەبەک" وەک کۆتی خۆمـان دەچـێ، بەڵام بـێ قـۆڵە یـان قۆڵێکی زۆر کورتی هەیە و لە مەرەز یـان خـوری وشـتر سـاز دەکـرێ. "ئابـا"ش لە مەرەز یـان خـوری وشـتر سـاز دەکـرێ و لەسـەرەوە لەبەر دەکرێ، وەک شنێلی قافقازیی خۆمانە.

زۆربەی کوردەکـان بە پێپەتیـی دەگەڕێـن یـان لەنـاو قوروچڵپـاودا سەرپێییەک لەپـێ دەکەن، بەڵام بـاش بە رازانەوەی سـەریان رادەگەن. کڵاوێک لە لبادی سپی بە گۆپکەیەکی قیت یان پـان لەسـەر

26 مەبەست ناوچەی "وان" لە باکووری کوردستانە. -. وەرگێر.
27 گازی ئانتەب، بەکوردی دیلۆک. ویکیپێدیا، -. وەرگێر.

دەکەن و شــاڵی جوراوجــور و ڕەنگاوڕەنــگ یــان گەلێــک دەســماڵی ئاوریشم یان تۆر لەدەوری دەپێچن، ژمارەی ئەو دەسماڵانە دەگــاتە ١٠ تا ١٠٠، هەرچی ژمارەیان زۆرتر بــێ، قەدر و قیمەتــی کڵاوەکە زۆرتــرە، شــێوازی پێچــانەوەی ئەو دەســماڵانە زەوق و هــونەرێکی تــایبەتی پێویستە و کوردان بە ڕەغبەتەوە ڕۆژانە یەک تا دوو کاتژمێر کاتی خۆیان بۆ ئەوە تەرخان دەکەن. لە کۆتاییدا کێشی ئەو کڵاوە دەگاتە ١٠ تا ١٥ فـۆنت[28]. ژنـانی کـورد لێوارەکـانی ئەو دەسـماڵانە بە مەلیلە و گەلێـک گــوڵینگەی ڕەنگاوڕەنــگ دروومــان دەکەن. بە بــڕوای کــوردان، کڵاو [سەرپێچ] نەخشێکی گرێنـگ دەگێـڕێ بـۆ کەسـێتی مرۆڤ. جیـاوازیی پۆشـشـی دەوڵەمەندان، ئاغا و میران تەنیـا لە بەهـای پارچەکانیـدایە و پشوێنەکانیان لە ئاوریشمە و بە زێر و زێو ڕازاوەتەوە.

ژنی کورد هەمان کراسـی کەتانی فـش لەبەر دەکـات کە تـا ژێـر قـاچ دەگـــرێتەوە و هەروەهـــا شـەڵوارێک و شــــاڵێکی لە دەوری کەمەر دەهاڵێنی. ژنانی خێزانـدار سـەریان بە شـاڵێکی ئاوریشــمی ڕەش یـان تـــۆریی دەپێچنەوە، بەڵام کچـــان و بوکـــان لەسـەرووی ئەو کراسـە، "ئەنتاری[29]" شـەقاردار لەبەر دەکەن. ژنان گوێچکەی خۆیـان بە گـوارەی زێـــوی هەرزان دەڕازێننەوە. ژنـــانی کـــورد بەپێچەوانەی دابـــی موسـڵمانێتی، ڕووخسـاری خۆیـان داناپۆشــن و بە دیتنـی پیـاو خۆیـان ناشـارنەوە و بە بێ چارشێو یان عەبـا دەگەڕێــن و زۆر بە ئازادی لەگەڵ پیاوان دەدوێن. کورد بە گشتی حەزی لە گەوهەریات هەیە، بەتـایبەت ئەگەر ڕەنگاوڕەنگیش بێت. ژنانی دەوڵەمەندی کورد گـوارەی زێـر و زێـو لە گوێ دکەن. سـەر سینگ و قـۆڵی کراسـیان بە درووومـانی زێـر و زێـو

---

28 لە ساڵەکانی ١٨٩٠دا فۆنتی رووسی نزیک ٤١٠ گرام بووە، واتە هەر پێچێکی کوردی ٤ تـا ٦ کیلۆ کێشی هەبووە! -. وەرگێر.

29 کراسێکی درێژی قۆڵدارە بە دوو یان سێ دووگمە لە پێشەوە. -. وەرگێر.

دەڕازێنەوە، هەروەها لەسەر تووروەکە بۆ: توونن، بەردی چەخماخ، بارۆت، پارە و چەقۆ و خەنجەردان، بە داوی زێڕین، وێنە و بیچمی دار، باڵەندە، ئاژەڵ یان قارەمانەکانیان و راوچیان دەنەخشێنن. ژنی کورد لێهاتوویی هونەری خۆی لەو نەخش و نیگارانەدا پێشان دەدات بە تایبەتی لەو نەخش و مەلیلەکاری و گوڵینگە زێرین و زێویین و مسین و وەردیلە سەدەفکارییانەی کە لەسەر فیشەکدان دەیکەن و دەنگی زرینگەیان لای کوردان گەلێک پەسەندە. بەشی ژێرەوە و تەنیشتەکانی جورێک شەڵواریش کە تا سەر ئەژنۆ دەگات، درووومانی مەلیلەی پێوە دەدوورن. کورد پێڵاوێکی زۆر هونەرمەندانە چندراو لە بەن لەپێ دەکات [کەڵاش] و لە ئەژنۆوە تا سەری پێ، گورەوییەک لەخوری [زەنگاڵ] لەبەردەکات کە بەگەلێک نەخش و نیگار دەچندرێ.

چەکی کوردانیش پڕە لە نەخش و نیگاری هەڵکەندراو لە عاجی فیل و بە وێنەکانی سەری شێر، سەگ، پشیلە. ئاژەڵی کێویی و نەخشی دیکە. کورد چەکی کۆن و کەونار بەکار دێنی و بریتیین لە: چەخماخلی [تفنگی چەخماخی] پیستوندار، کارابینی لولە کورت یان پان، ساچمەیی و دوولول. تفنگ و دەمانچەی سەردەمیانە تەنیا لە لای کوردانی تورکیا، ئەویش لەو دووایانەدا لای دەوڵەمەندەکان دەبیندرێ. لای کوردان چەکی سارد، واتە شەمشیر لەهەموو جورەکانی بەکار دێت، وەک: شەمشیری راست و کەوانی، بەتایبەت شەمشیری جۆهقەرلی و زەهەرلی (ژەهراوی) خوازیاری زۆرە. جگە لە شەمشیر، خەنجەر لەهەموو جۆرەکانی هاوڕیی جیانەبۆوەی کوردە و بەوپەڕی لەسەرەخۆییەوە لەناو سینگی دۆژمن و نەیارەکی دەوەشێنێ. خەنجەرەکانیش ژەهراوین. نێزەی کوردان لە چڵی قامیش دەبەسترێ و ۳ تا ۸ میتر درێژە و چەند سەری زۆر تیژی هەیە. پاشان تەوری

دووسەر (بەتایبەت ئەو تەورەی دەمەکەی هیلالییە و کورد بە یەکجار وەشاندن سەری دۆژمنی پێ دەپەڕێنێ)، هەروەها شیشی سێ و چوار و هێندێکجاریش چەند گۆش، وەک سەرنێزە کە کورد پێدەڵێ، "جەگ" [دەبێ مەبەستی زەرگ بێ] یان سیۆمی [؟]. بەو کەرەسانە کورد زگ و مل و کەلەکەی سواری دۆژمنی دەکات بە ئامانج. "جەگ"ێکی بچۆکیش هەیە کە لەبەر پشوێنێ دەنێن و پێی دەڵێن "پێل-شیشی[30]" واتە "نێزەی [بەر]پشت"،کە مەترسیدارترین چەکی کوردانە و لە هەر تێکهەڵچوونێکدا لە ناکاو لە مل یان لە کەلەکەی بەرامبەریان دەچەقێنن.

چەکێکی دیکە کە دەبێ ئازارێکی زۆری هەبێ، "خەرباژە Kherbadje"یە [رەنگە مەبەست "خەرزەن" بێ] کە بریتییە لە قامچەیەکی چندراو لە ریشاڵی ئاسن بە درێژایی یەک و نیو تا ٣ میتر. ئاغا بەو قامچەیە سزای "رەعیەت" دەدات. لە کاتی هێرشکردنە سەر کاروان و یان ماڵان، بەو قامچەیە خەڵک وادار دەکەن هەرچی هەیانە بیدەن بە رێگران و دزان. لەو چەکەش ترسناکتر، "ستروپا Stropa"یە، گۆیەکی خڕی وەک بۆمبە و پڕکراوە لە قوڕقووشم و کێشی ٤ تا ٥ فۆنتە [فۆنتی رووسی = ٤٩١,٤ گرام] و بە زنجیر لە دەسکێکی چندراو لە سیمی ئاسن بەستراوە. کوردان بەو کەرەسەیە سەری دۆژمنانیان پان دەکەنەوە.

کوردان لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکاندا، گشت ئەو چەکانە بەکار دێنن، بەڵام لە کاتی ئاساییدا، هەمیشە چەند دەمانچە و خەنجەر لەبەر پشوێندا هەڵدەگرن. تەنانەت شەو لەگەڵ چەکەکانیاندا و

30 وشەیەکی تورکییە و نووسەر ئاماژەی بە ماناکەی کردووە. -.وەرگێر.

بەگشتیش، بەجلەوە دەخەون. ڕێبواری تەنیا، سەرەڕای چەکی سەر شانی، نیزەیەکیش بە دەستی چەپ لەگەڵ خۆی دەگێڕێ.

ژنان گشت کارەکانی نێو ماڵ و کاری کشتوکاڵی ئەنجام دەدەن. زەوی دەکێڵن، دروێنەی دەکەن و هەڵیدەگرنەوە، گاڕان دەبەنە لەوەڕاندن، گیاوگۆڵ و تفاق و دار کۆدەکەنەوە، تەونێ دەکەن (قالی کورد لە وڵاتی پارس زۆر بەناوبانگ و گرانبەهایە)، مەرەز بۆ ڕەشماڵ دەڕێسن و سەرەڕای هەموو ئەوانەش، پیاوان و براکانیان بۆ شەڕ پۆشتە دەکەن. ژنی کورد وەک پیاوی کورد، دەزانن چەک بەکار بێنن و سواریی بکەن.

کاری سەرەکی پیاوی کورد بریتییە لە: خۆڕاهێنان بۆ سواریی و بەکارهێنانی چەک، ڕمبازێن، تاڵان و ڕێگری. کورد وەک کۆچەر و ئاژەڵدار، زۆر کەم خۆی بە کشتوکاڵەوە خەریک دەکات. ئەوەندە زەوی دەچێنێ کە بەرهەمەکەی بەشی نانی چەند مانگی زستانی بۆ بکات. ئەگەر کەسێک پاشکەوتی دانەوێڵەی بۆ تەواوی ساڵی هەبێ، بە دەوڵەمەندی دەزانن. هەڵبەت ماوەیەکە زۆربەی میرانی زەویدار دەستیان کردووە بە چاندنی لۆکە و تووتن و برینجی جوراجور کە "ڕەعیەتی" مەسیحی و ئەرمەنی کاریان بۆدەکەن، چونکو "ڕەعیەتی" کورد لەو کارانە نازانن.

هەر بۆیە لای کوردان پیشەی کارەدەستیەکان پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیوە. جگە لە ناڵبەندی و چەک سازکردن، هونەرێکی دیکە نازانن. بۆ کارەدەستییەکانیتر نیازمەندی کاری ئەرمەن و جوو دەبن. تەنیا هونەری کوردان بریتییە لە: بەکارهێنانی چەک، سواریی، تاڵان و دزی، هەروەها تەنیا مژووڵی لاوی لێهاتووی کورد،تاڵان و دزییە. هەر ئاغا یان سەرۆک خێڵێک دەستەیەکی چەکداری هەیە کە

به شەو ڕێگریــی  لە کاروانەکــان دەکەن و گونــدەکان تــاڵان دەکەن و هێـــرش دەکەنە سەر ڕەشـــماڵەکان. سەرۆک خێـــڵ، خـــاوەنی دەستکەوتی تاڵانەکانە و تەنیا بەشـێکی، دیارە بەشــی هەرە کەمـی لە نێو چەکدارەکانیدا دابەش دەکات. هیچ سزایەک بۆ دزی نییە، ئەگەر دز و مــاڵی دزراو بــدۆزرێتەوە، دزەکە بۆخــۆی دەبــێ مــاڵەکە بــداتەوە خــاوەنی و خــاوەنی مــاڵی دزراویــش دەبــێ بەشـێکی بـۆ دزکە وەک خەڵات و ماندووبوونی بگەڕێنێتەوە کە پێی دەڵێن "گڵدانەوە".

پێشــتر ئاماژەمــان پێکــرد کە کــورد سرووشــتێکی فــرە تۆڵەئەســتێنی هەیە. لای کــورد تــۆڵەی خــوێن، یاســایەکی پیرۆزە. ئەگەر کوردێــک بکوژرێ، نە تەنیا کوڕ و نەوە و کـوڕی نەوە لەسەریانە تـۆڵە بسـتێنەوە، بەڵکۆ ئەگەر ٥٠ تا ١٠٠ ساڵیش تێپەڕ بێ، ئەو تۆڵەیە دەبێ بکـرێتەوە. دەکـرێ خـوێنی ڕژاو بەپـارە بکـڕدرێتەوە. خـوێنی کـوردێکی ئاســایی بەهای لە ٥ تا ٣٠ تمەنە و هی کەسێکی ناسراو و دەوڵەمەنــدیش بە پێی ماڵبات و دەوڵەمەندیی و پلەوپایە لە ٥٠ تا ٥٠٠ تمەنە[31].

خەتەنەکردن لە گشت وڵاتانی موسڵمان، هەروەهــا لای کــوردانیش باوە، بەڵام بەو جیاوازییە کە لێرە کچانیش خەتەنە دەکەن.

کـــوردیش وەک هەمـــوو خێڵە دواکەوتووکـــان خـــوڕافین. لە زۆر شــوێنەکان، بەتــایبەت لە بەرزایــی چیاکــان داری بێبەر دەبینــی کە پەڕۆپاڵێکی زۆری لێ گرێدراوە. هەر کەسێک کە نەزرێکی کردبــێ یــان ئارەزوویەکی هەبێت لە بەرامبەر ئەو دارە پیرۆزە چۆک دادەدا و گرێیەک لە پەڕۆیەکــی دەدات و پێــی وایە کە لەو کــاتەوە ئیــتر نەزر و دۆعــاکەی جێبەجێ دەبێ. گەلێکجار کچان و کوڕانی لاو و تازە بــوک و زاواکــانیش بـــۆ زیـــارەتی ئەو دارانە دێـــن. جگە لەو دارگەلە، لەسەر گـــۆڕی

---

31 ساڵی ١٨٩١ یەک پۆندی بریتانیا بەرامبەری ٣،٢٥ تمەن بووە. ویکیپێدیا، -. وەرگێڕ.

شێخەکانیشـــان داری بەردار هەن کە کـوردان تەنیـا لەکـاتی زیـارەت میـوەکەی دەخـۆن و پێیـان وایە میـوە یـان پەل و گەڵا و تەنـانەت لقـی ویشـکی دارەکەش پێروزە و رەوا نییە لەگەڵ خۆیان بەرنەوە مـاڵ، هیـچ کەسیش رێگا بەخۆی نـادا ئەو رێوشـوێنە بشـکێنێ. بـۆیە کەسـگەلی دیکە دەلێن، کوردان لە داری پیرۆز زۆرتـر دەترسـێن تـا لە خۆدی خـووا. هەموو ساڵێک کـوردان لەو شـوێنە پیرۆزانە کۆدەبنە و چەنـدین شـەو و رۆژ ئاهەنگی شـادی و هەڵپەڕکـی و خـواردن و خـواردنەوە دەگێـرن کە هێندێکجاریش بە شـەڕ و پێکداادان لە نێوانیاندا کۆتایی پێدێت.

چارەسـەریی نەخۆشـــی لای کـــوردان زۆر ســـاکارانەیە. پزشـــک و دەرمانیان نییە. کاتێک کەسـێک تووشــی نەخۆشـییەکی گـران دەبـێ، بزنێـک دەکـوژنەوە و نەخۆشـەکە بـۆ مـاوەی رۆژێـک، جـاری وا هەیە بـۆ چەنــد رۆژ، لە کەولْــی بزنەکە دەپێچنەوە. پاشـــان ئەگەر نەخۆشـەکە چاک نەبۆوە، دەڵێن "ئەجەلـی" هـاتووە. هەڵبەت هێنـدێک گیاوگۆڵ بـۆ نەخۆشییەکان بەکار دێنن.

ئەگەرچــی کــورد وەک مۆســڵمان دەتـوانێ چەنـد ژن بە هاوسـەری بگرێ، بەڵام چەند هاوسـەری لە نێو کورداندا زۆر کەمە. لاوی کــورد کە ئارەزوی هاوسـەرگیریی هەبێ، دەڵاڵ دەنێرێ بـۆ لای بـاوک یـان بـرای خۆشـەویستەکەی و کچەکەیان لێـدەکڕێ، واتە هیـچ کوردێـک کـچ یـان خۆشــکی خـۆی بەبـێ وەرگرتنـی پـارەی دیـاریکراو بە هیـچ کەسـێک نــادات. ئەگەر لەسـەر بـڕی پـارەکە پێــک نەگەیشــتن، دەبــێ کچەکە بدزێ. لەکـاتی وەهـا دا، کـوڕەکە بە ئاگـاداریی ئاشــنا و ریش‌سـپیانی نزیــک لە هەردوو ماڵبــات، لەگەڵ خۆشەویســـتەکەی لەسـەر کــات و شوێن رێدەکەون و کچەکەی بە یارمەتی دۆستانی خـۆی هەڵـدەگرێ. ماڵبــات و خزمــانی کچەکە، لە ماڵبــات و خزمــانی کــوڕەکە ئاگـــادار

دەکەنەوە کە لە بەرامبەر پڕە پارەیەک، کچەکەیان بکرن، دەنــا رووداوی نەخوازراو و ناخۆشـی بۆ هەر دوولا لێدەکەوێتەوە. لێـرەدا ریش‌سـپیانی خێـڵ دەسـت دەکەن بە نێوەنـدگریی و هەر دوولا ئاشـت دەکەنەوە و لەسـەر بـڕی ئەو پـارەیەی کە زاوا دەبـێ بیـدا، پێکـدێن. پاشـان کـوڕ و کچەکە دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و جێژن و زەماوەند ساز دەکەن. ئەگەر لە ماوەی دانوستانەکاندا، ئەو دوو ماڵبـاتە لە شـوێنێک بەیەکـتر بگەن، ئەوە بێگۆمـان خـوێن لە نێوانیانـدا دەڕژێ. سـاڵانە پێکـدادانی خوێنـاوی لەسـەر کـچ هەڵگرتـن لە نێـوان کوردانـدا دەقەومـێ و ١٠ تـا ٢٠ کەس دەبنە قوربـانی. رووداوی گـۆڕینەوەی ژن یـان خۆشـکیش هەیە کە دوو کورد ژنەکانیان و یان خۆشکەکانیان دەگۆڕنەوە. لە کاتی وەها دا ئەگەر یەکێک لە لایەنەکـان جـوان‌تر و یـان لە ماڵبـاتێکی نـاوبەدەرەوەتر بێـت، جیـاوازییەکە بە پـارە قەرەبـوو دەکەنەوە. هەروەهـا هەڵگرتنـی ژنـی هاوسەرداریش روودەدات کە دیسـان کێشەکە وەک هەڵگرتنـی کـچ، یان بە پڕە پارەیەکی دیاریکراو چارەسەر دەبێ و یان دەگاتە ناتەبـایی و خوێن رشتن.

مـارەکردنی ژن لە پیـاو کاتێـک تەواوە کە قـازی خـوتبەی مـارەیی بەتەواویـی خوێنـدبیتەوە. هـۆی تەڵاق لای کـوردان هەر وەک هەمـوو موسـڵمانانە و زۆر سـەیر و سەمەرەیە. تەڵاقـی کـوردان بریـتییە لە ٣ بەش. کاتێک پیاوێکی کورد مەبەستی تەڵاقدانی ژنەکەی بـێ، دەبـێ ٣ بەردی بچۆک هەڵگـرێ و بە ژنکەی بڵـێ: "هەرسـێ تەڵاقـی تـۆم کەوتبێ" و هاوکات یەک یەک بەردەکـان فڕێـدەدا. ئیـتر بەتەواویـی ئەو ژنە هاوسەری ئەو پیاوە نییە. جا ئیتر سەیر و سەمەرە لێرەوە دەسـت پێدەکات، کـوردان بەردەوام لە کـاتی تـوورەیی دەسـت بـۆ ئەو ٣ بەردە دەبـن، بەڵام پاشـان زوو پەشـیمان دەبنەوە و نـاتوانن دەسـت لە

ژنەکەیان هەڵگرن، بەڵام چۆن؟ مادام پیاوێک ئەو چەند وشەیەی بەزماندا هاتبێ و ٣ بەردەکەشی فڕێدابێت، ئیتر ژنەکەی لەدەست دەچێ و ناتوانێ ژنی تەڵاقدراو لای خۆی رابگرێ. بۆ گەڕاندنەوەی ژنەکەی لە رێگایەکی یاسایی، دەبێ ئەو ژنە لە کەسێکیتر مارە بکرێ و تازە پاش تەڵاقدانی، دیسان لەخۆی مارە بکاتەوە. زۆر جار پیاوی دووەم رازی بە تەڵاقدانی ژنکە نابێت، بەزۆریش ناکرێ وادار بە تەڵاقدانی بکەی. تەنانەت ئاغای هەمەکارە، ئەو توانایەی نییە، ئەخر تەڵاق دەبێ بە سەربەستی بێ. لێرەدا بۆ پێشگیری لە وەها کێشەیەک، رێگا چارەیەکی دیکە دۆزراوەتەوە. هەر قازییەک پیاوێکی هەیە کە پێی دەڵێن "جاش" کە لەبەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراودا ئەو ژنە لەخۆ مارە دەکات و چەند رۆژێک بەڕوالەت (pour sauver les apparences)[32] لای دەمێنێتەوە و هیچیش لە نێوانیاندا ناقەومێ و پاشان تەڵاقی دەدات. ئەو ژنە تەنیا بەو شێوەیە دەتوانێ دیسان لە هاوسەری پێشووی مارە بکرێتەوە. دیارە هەر پیاوێک باوەڕ بە "جاش"ی قازی ناکات و تەنانەت حەزناکات یەک کاتژمێریش خۆشەویستەکی لای "جاش" بمێنێتەوە. کورد بۆ دەرباز بوون لەو کێشەیەش رێگا چارەیەکی باوی زۆر سەیرتری دۆزیوەتەوە. ژنە تەڵاقدراوەکە لە "لولەهین" [ئافتاوەی سازکراو لە گڵ] مارە دەکەن و ژنەکە چەند شەوێکیش لەباوەشی خۆی دەگرێ و دەخەوێ[33]. ئێستا پێویستە ئافتاوە، ژنکە تەڵاق بدات، بەداخەوە! ئافتاوە گیاندار نییە و ناتوانێ ئەو کارە بکات. لێرەدایە کە دەڵێن مارەیی لە کاتی مردن یان

32 واتایەکی فەڕانسییە بە مانای "رواڵەت". -. وەرگێڕ.

33 لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بیر لە شێوازی جیاواز و سەیر کراوەتەوە بۆ "چاککردنەوەی سێ تەڵاقە". بۆ نموونە لە شاری مەهاباد تا مامۆستا مەلا حوسێن مەجدی لە ژیاندا مابوو "سێ تەڵاقەی" چاک دەکردەوە. پیاوەکەی وادار دەکرد ٣ جار وەک "کەر" بزەڕێنێ! پاشان پێیدەگۆت: "کەر تەڵاقی ناکەوێ! هەستە ڕو ژنەکەت بەڕەوە ماڵ". -. وەرگێڕ.

کۆشتنی پیاودا هەڵدەوەشێتەوە، کەوابوو زۆر پێویست بە بیرکردنەوە نییە و چارە، شکاندنی ئافتاوەیە. بەڵام وا دیارە وەهاش ئاسان نییە. بە بۆچوونی کوردان، شکاندنی "ئافتاوەی هاوسەر" بەواتای رشتنی خوێنی بیتاوانێکە، ئەخر کورد کە رۆژانە بێ کەمترین سڵکردنەوە و بێبەزەییانە پیاو دەکوژێ، ئیتر نابێ ئەوە بە گۆناە دابنێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە کورد بەتۆندی دژی ئەو جورە خۆێن رشتنەیە، ئەخر ئەو، واتە کورد لە مەیدانی شەڕدا پیاو دەکوژێ و کاتێکیش هێرش دەباتە سەر کەسێک دەبێ بتوانێ لەخۆی بەرگریی بکات، بەڵام لێرەدا دەبێ "پیاوێک" بکوژێت کە لە ماڵی خۆیدا و لەباوەشی "ژنی" یاسایی خۆیدایە، ئیتر لەو گۆناهە مەزنتر نییە "ئافتاوەی هاوسەر" بکوژێ. تافتاوە بشکێنە و ژن ئازاد بکە! بەڵام هەر کوردێک بێزارە لەو شێوە پیاوکوشتنە.

سوێندی درۆ خواردن بەتەڵاق، بنەمای تەڵاقە لە ناو کورداندا. ئەگەر پیاو سوێندی دروو بەتەڵاق بخوات، ژنەکەی تەڵاقی دەکەوێ و ئازاد دەبێ تا لە کەسێکی دیکە مارە بکرێ و ئەگەر پیاوەکەی بخوازی دیسان ژنەکەی مارە بکاتەوە، پێویستی بە "جاش"ی قازی یان ئافتاوە دەبێ. بەو شێوەیە خواروو پیاوی کورد سوێندی درۆ بە تەڵاق دەخوات. بۆ نموونە، کوردێک داوای پارەی خۆی لە قەرزدارکەی دەکات و ئەو کەسەش حاشای لێدەکا، لێرەدا مافی هەیە داوای سوێندی تەڵاقی لێبکات، ئەو کەسەش سێ بەرد هەڵدەگرێ و یەک یەک فرێیان دەدات و دەڵێ "هەرسێک تەڵاقم کەوتبێ و سوێند بەو ٧ ئایینەی کە باوەڕم پێی هەیە قەرزدارت نییم" (کورد پێیوایە ٧ ئایین لە جیهاندا هەیە). جا کە ئەو سوێندی خوارد، ئیتر کابرا باوڕی پێ دەکات و داوای قەرزەکەی ناکات. بەڵام کوردان زۆر دەگمەن سوێندی وەها دەخۆن و

ئەگەریش دەرکەوێ کە بەدرۆ ئەو سوێندەی خواردووە، ئیتر ژنەکەی تەڵاقی دەکەوێ.

زۆربەی کوردان لە خێڵ و عەشیرەتی خۆیان و لە خزم و کەسوکاری خۆیان ژن دەخوازن و بەدەگمەن روو لە عەشیرەتی دیکە دەکەن. مارەکردنی باوەژن (زڕدایک) یان پور-خۆشکی باوک، خۆشکی شیری، خۆشکی ژن، ئەگەر ژنەکە زیندوو بێ، رێگای پێنەدراوە. بەڵام مارە کردنی ژنبڕای بێوە، رێگا پێدراوە و زۆر دەبیندرێ و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دژواریی دۆخی ئابووری. تا برا گەورە ژنی نەهێنابێ، برای بچۆک ناتوانێ ژن بێنێ و تا خۆشکی گەورە مێردیی نەکردبێ، خۆشکی بچۆک بەمێرد نادرێ. کچی کورد تەنانەت پاش مێردکردنیش زۆر بە ئازادیی هەڵسوکەوت دەکات، ئەگەرچی ژن لەنێو کورداندا وەک کەرەسەیەکی کڕین و فرۆشتن مامەلەی لەگەڵ دەکردرێ، بەڵام زۆر جیاوازە و دوورە لەو هەڵسوکەوتە دیل پەروەرانەی کە بە گشتی لەنێو موسڵماناندا لەگەڵ ژن هەیانە. ژنی کورد دۆست و هاوڕێی هاوسەرەکەیەتی.

زاوا دەتوانێ واز لە دەسگیرانەکەی بهێنێ، تەنانەت ئەگەر پێش گواستنەوە لەگەڵ یەکتر جوتیش بووبن، بەڵام ئەگەر دووگیان بێ، ئیتر ناتوانێ وازی لێ بهێنێ. ئەگەر بوک، کچێنی نەمابێ، زاوا دەتوانێ بوک بگەڕێنێتەوە ماڵی باوکی. لە کاتی هاوشێوە و یان ئەگەر بۆک پەشیمان بێتەوە، ئەو بڕە پارەیە کە زاوا بە ماڵی بۆکی داوە، بۆی دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەگەر زاوا بە بێ هیچ بیانوویەک پەشیمان بێتەوە، تەنیا پارەی خەرجکراو بۆ نیشانەکردن، دەگەڕێنەوە بۆ زاوا.

پاش باسـکردنی لایەنە گشـتییەکانی مـارەکردن و تەڵاقـدان، ئێسـتا باســی ڕێوڕەســمی نیشــانەکردن و بــوک گواســتنەوە و زەماوەنــد دەکەین.

کورد، بۆ زەماوەند لەهیچکەس ناگێڕێتەوە و دەڵێن، "هەرکەس ئاگادار بێ، خـۆی دێ"، یـان "هەر کەس بخـوازی سـەربەرزمان بکـات، دێـت"، بەڵام خزم و کەسوکاری دوور لە گوند، لێیان دەگێڕنەوە و پێی دەڵێن، "بانگداشــن" [دەبــێ بانگهێشــت بــێ]. لەسـەرو بەنـدی زەماوەنـدا، دۆســت و هاوڕییـانی زاوا لە مـاڵی زاوا کۆدەبنەوە و یـاریی جوارجـور دەکەن، هەر کەس هەر لێهاتوویەکی هەبێ، "هونەر"ی خۆی پێشان دەدات. رمبــازێن، بەدەســتە گــۆرانی گــۆتن و هەڵپەڕکــێ، نــۆکتە و گاڵتەجــاری، یارییەکــانی وەک خۆشــاردنەوە و پاڵەوانبــازیی و نێــزە هاویشـتن و هتـد، لەگەڵ دەنگـی زوڕنـا و دەهۆڵ و شـمشـاڵ. ئەوەیە ئەو شایی و خۆشییە ئاساییەی کە زاوا و کەسانی لێهاتوو دەبێ تێـدا بەشـداربن. رۆژی دواتر، بەیانی زوو، پیـاو و ژن بەیەکەوە نـانی بەیـانی دەخۆن و بەرەو ماڵی بـوک وەڕێ دەکەون، پیـادە یـان بەسـواری کەر و ئێستر یان بە ئەڕابە. لەپێشـەوە دەهۆڵ و زوڕنا بە دەنگی بەرز هەمـوو کەسـێک ئاگـادار دەکـاتەوە کە زەماوەنـد بەڕێـوەیە هەروەهـا لاوانــی شـەمشـیر و مەتـاڵ بەدەسـت نمایشــی "قلیـچ- قەڵغـان"[34] دەکەن. لەسـەر پشـتی دوو یان چوار ئێسـتری رازاوە، "تەخـتی ڕەوان" (کە وەک فەرغوونی بێ تایەیە) دادەمزرێنـن و پڕی دەکەن لە دیـاری و خەڵاتـی رەنگاوڕەنــگ و لە کــاتی گەڕانەوەش بــوک لەنێویــدا دادەنیشــێ. بەردەوامیش هەموو بە چەکەکانیـان تەقە دەکەن، هەڵبەت هاوڕێیـانی

---

34 واتایەکی تورکییە بەمانای شـەمشیر و مەتاڵ.-. وەرگێر.

زاوا سەرتاپێ چەکدارن تا ئەگەر لەناکاو کەسانێک بیانهەوێ بوک بدزن، بتوانن بەرگریی بکەن.

لەسەر ڕێگای ماڵی بوک، بە گەیشتنی بۆ بەر هەر ماڵێک و ڕەشماڵیک و گوندێک، کاروانی زەماوەند رادەوەستێ خواردەمەنی و دیاری لە کەس و کار و دۆستان و ئاشنایان کۆدەکاتەوە. خواردەمەنییەکان بۆخۆیان دەیخۆن و دیارییەکانی وەک، پارچە، شاڵ، قاڵی، چەک، کەر و ئێستر و هتد، دەدرێ بە بوک و زاوا. ئەگەر بەپێش ماڵی سەرۆک عەشیرەدا تێپەڕ بن، سەرۆکیش بەپێی پلەوپایە و ناوبانگ و دەستڕوویشتوویی بوک و زاوا، دیارییەک پێشکەشیان دەکات.

بەگەیشتنی کاروانی زەماوەند بۆ پێش ماڵی بوک، هەموو تێکڕا دەست دەکەن بە تەقە کردن و هەواڵی گەیشتنی زاوا رادەگەیەنن. لە لایەن ماڵی بوکەوە دەبێ ٣ تەقە بکرێ بە نیشانەی خۆشەویستی و ئاشتی و ئامادەبوونیان بۆ پێشوازیکردن لە زاوا. ئەگەر ئەو ٣ تەقەیە نەکرێ، واتە مانای قبوڵ نەکردنی زاوایە، ئینجا هاوڕێیانی زاوا دەبێ بەزۆر بوک بستێنن.

کە دەنگی ٣ تەقەکە لە ماڵی بوک بیسترا، لە لایەن ماڵی بوک پێشوازیی لە کاروانی زاوا دەکرێ. لە هەردوو لاوە، دوو لاوی شەمشیر و مەتاڵ بەدەست دەستدەکەن بە پاڵەوانبازی. لایەنی ماڵی زاوا دەبێ سەرکەون تا زاوا بیسەلمێنێ کە بە هێزی چەک توانێویتی بوک وەدەست بخات و خەڵاتی سەرکەوتنەکەی بوکە. لەو پاڵەوانبازییەدا زاواش بۆ سەرکەوتنیان بەشێوازی جوراوجور هانی هاوڕێیانی خۆی دەدات. دیارە لایەنی ماڵی بوک خۆبەدەستەوە دەدەن و زاواش بەسەرکەوتوو و خاوەن "ماڵ و حاڵی خۆی" رادەگەیەنن.

بەڵام روودەدات کەماڵی بوک خۆیان بەدەستەوە نەدەن، جا ئیتر کار دەگاتە خوێن رشتن. پاشان باوک، مام یان خاڵی بوک دەکەونە نێوانیان و بەدەنگی بەرز دەڵێن: "یێنۆ، لۆ!" [واتە دەست هەڵگرن جوانگەل]. ئینجا گەنجەکان دەست هەڵدەگرن. هەمان کەسانی ماڵی زاواش دەڵێن: "هەی خەزورە، کچەکەتمان پێ بفرۆشە!". لە وڵامدا، باوکی بوک یان کەسێکی دیکە، دیارە دەبێ پیاو بێت، رازی دەبێ بە پێدانی و بڕە پارەیەک دیاری دەکات، لێرەدا چەنە لێدان دەست پێدەکات، لە کۆتاییدا بەپێی دەوڵەمەندیی زاوا لەسەر بڕەکەی رێکدەکەون (٢٠ تا ٥٠ سەر مەڕ، یان ١ تا ١٠ سکەی زێر یان ٥ تا ٥٠ رۆبڵ، چەند کەڵ یان ئەسپ یان ئێستر).

به رێککەوتنی هەردوولا، خەڵکەکە دەچنە ناو ماڵی بوک و پێشوازیی و میوانداری دەست پێدەکات. پاش چەند کاتژمێر یان چەند رۆژێک، کاتێک بوک ئامادەکرا و جلی بوکێنی پۆشی، مەلا یان سەیدێک دەچێتە ژووری ژنان و دەڵێ: "بەفەرمانی خوا و بەپێی یاسای پێغەمبەر و لەسەر رازی بوونی دایک و باوکی بوک و زاوا و بەپێی چارەنووسی دیاریکراو، کچی فڵانە کەس لەو کاتەوە بەدووا، لە کوری فڵانە کەس دەبێتە ماڵ". پاشان دەچێتە ژووری پیاوان و هەمان وەشەکان دووپات دەکاتەوە، و لەکۆتاییدا دەڵێ: "خەزورە! کیژی ئێمە جوانترە لە ئاسک، شیرینترە لە هەنگوێن، پاکترە لە کۆتر، فەرمانبەرترە لە بەرخ، ئەو زاتە گرانبەهایەی کە لە پێش چاوتانە دەدرێ بەتۆ، بلا با ببێتە مایەی رازاندنەوەی ماڵتان... ئامین! ئیشاڵڵا ببێتە مایەی سەلامەتی و بەختەوەریتان". پاشان هەموو بەیەکەوە دەڵێن: "ئامین" و سەرشانی زاوا ماچ دەکەن و باوکی زاوا و بوک و مەلا، دۆعای مارەیی دەخوێنەوە. پاش تەوا بوونی رێورەسمی مارەیی

دەســتدەکەن بە خــواردن و کــورد بەو ژەمە دەڵێــن "نــانی خەمبــاریی" پاشــان کــاروانی زەماوەنــد دەگەڕیتەوە. بــوک ســواری "تەخــتی ڕەوان" دەکەن و باوکی بوک چەند مشتێک ســکەی زێــر و زێــو و مــس بەســەر بوکدا هەڵداوێ و خەڵکی نەدار کۆیدەکەنەوە و لەجیات دەســتکەوتیان، کشــمیش و میــوەی ویشــک بەســەر بوکــدا دەکەن. کــاروانی زەماوەنــد هەر بەو شــێوەیەی هــاتبوو، بەئاهەنــگ گێــران و شــایی و تەقەکــردن دەگەڕێتەوە و لە مەیدانی بەر مــاڵی زاوا و لەپێــش "تەخــتی ڕەوان" لە مەڕ بگرە تــا جوانەگــا و کەڵ و مریشــک و کەڵەشــێر دەکەنە قوربــانی و پاشــان شایی و هەڵپەڕکێ دەستپێدەکات. ژوورێک یــان رەشــماڵێک بــۆ بوک و زاوا ئامادە دەکرێ و بە گشت ئەو دیاریانەی کە لە لایەن باوکی بــوک و خــزم و کەســی لەگەڵــی خرابــوو وەک، مۆبــڵ و چەک و هتــد، دەرازێندریتەوە. پاش ماویەک لە ناو میوانەکــان دەنــگ بەرزدەبێتەوە کە: "بوک و زوا پێویســتە بحەســێنەوە". بەســاڵاچووکانیش وەدەنــگ دێــن و دەڵێــن: "بــا بــوک و زاوا بەتەنیــا بــن". پاشــان بــوک و زاوا بەرەو ژووری تــایبەت بەڕێــدەکەن. نێــو ژوور یــان رەشــماڵی بــوک و زاوا داپوشــراوە و لەبەر دەرگـــاکەی دوو لە هاوڕییـــانی زاوا بە چەکەوە رادەوەســـتن و ناهێڵن کەسی لابەلا، سەر بە ژوورەکەدا بکەن. هەروەها پێشــی هەر دەنگ و هەرایەک بگرن و تەنانەت دەبی زۆر وشیار بن تا نەکا نەیارانی زاوا لەناکاو هێرش بەرنە سەریان کە زۆرجــار لەو کــات و وەختەدا پیــش لە بەختەوەری زاوا دەگرن. کورد پێی وایە کە ئەوە کــارێکی "حەرامە" و بە پاسەوانەکانیش دەڵێن "پاسەوانانی شەڕەف".

ئەگەرچی سەیرکردنی ژووری بوک و زاوا بۆ ئێمە کارێکی ناشایســتە و تەنـــانەت زۆر گرانیـــش تەواو دەبـــێ، بەڵام بـــابزانین لەو ژوورە چ دەگوزەرێ. سەرەتا زاوا جلەکــانی دادەکەنــێ دەچیتە نــاو پەردوو و داوا

له بوک ده‌کات ئه‌ویش جله‌کانی داکه‌نێ. به‌ڵام وه‌ک چۆن پێشتر دایکی به‌گوێ هه‌ڵکێشاوه، له کونجی ژووره‌که که‌مته‌رخه‌م راده‌وه‌ستێ. بوک به شه‌رمێونی و به‌سۆکی ده‌ڵێ: "چۆن ده‌کرێ له‌گه‌ڵ پیاوێکی بێگانه بخه‌وم؟ خه‌ڵک چ ده‌ڵێن!خوا له‌عنه‌تم ده‌کات". زاوا ده‌ڵێ: "من که بێگانه نیم! ئه‌خر ئه‌و پیاوه بێگانه‌یه، تۆی بوکی له بابت کرێوه و ئێستاش ده‌بێته سه‌روه‌رت". بوک ده‌ڵێ: "مامه‌له ئێستا ته‌واو نه‌بوو. زاوای بابێ من *(Zia bave min)*[35]!، ده‌بێ ئه‌و کیژه له بوک بکرێ!" زاوا، واته زاوای باوکی ئه‌و کچه *(zia bave êvi)* که ئه‌وه‌ی گوێ لێده‌بێ، جلی خۆ له‌به‌ر ده‌کاته‌وه و ده‌چیته لای بوک و لێی ده‌پاڕێته‌وه و ده‌ڵێ: "گه‌لێنی[36] باوکی من! وه‌ره له‌گه‌ڵم بخه‌وه (Kelêne bave *min*, worê, rakewe be *j mera*). بوک له‌سه‌ر قسه‌ی خۆی راده‌وه‌ستێ و به‌گۆی ئه‌و پیاوه بێگانه‌یه ناکات. ئه‌و داستانه سرنجڕاکێشه‌ی خۆفرۆشتن، تا کاتێک درێژه‌ی ده‌بێ که زاوا دیارییه‌کی نه‌دا به بۆک وه‌ک بازنه‌ی زێر یان زێو، ملوانکه، گواره، ئه‌نگوستیله - دیاره به‌پێی ده‌وڵه‌مه‌ندیی زاوا. ئه‌گه‌ر زاوا ده‌ست ته‌نگ و پاره‌ی له‌به‌ر ده‌ست نه‌بێ، ئه‌وه سوێند بۆ بوکێ ده‌خووا له داهاتوودا بۆی ده‌کرێ. له نێو کوردان‌دا سوێندی ناو په‌ردوو هه‌رگیز له‌بیر ناچی و ئه‌نجام ده‌درێ و به پیرۆزترین سوێند ده‌زانن و له ئه‌نجام نه‌دانی ده‌ترسێن. بوک پاش رازی بوون، جا ئه‌وجار له‌گه‌ڵ "زاوای باوکی خۆی" ده‌چێته ناو په‌ردووی بوکێنی.

پاش دوو کاتژمێرێک، زاوا پاسه‌وانه‌کان ئازاد ده‌کات، واته ئه‌وه به مانای رازیبوونی بوکه. هه‌موو میوانه‌کان له‌به‌ر ده‌رگای ژووری بوک و

---

35 له زاراوه‌ی به‌کار هاتوودا وا دیارده‌که‌وێ که ئه‌وه رێوڕه‌سمی زه‌ماوه‌ندی کوردانی کرمانج له باکووری رۆژهه‌ڵاتی کوردستان بێ. به‌کار هێنانی هێندێک وشه‌ی تورکی ئه‌و بۆچوونه زۆرتر ده‌سه‌لمینێ. -. وه‌رگێڕ.
36 به تورکی "گه‌لین" واته "بوک". -. د. ن. ماڵپه‌ڕ.

زاوا کۆدەبنەوە و زاوا دەردەکەوێ و دەســـــتی لە ســـــینگی دەدات و دەڵێ: "خووا ئاگادارە و منیش سوێند دەخووم کە ژنـی مـن پـاکە". (« *khotê»* یـان [37]*«Allah itchoun vannan, ki jenê eme keine bi «bezane ve debejem, ki jen emen thêmouze kedjê ê*). پاش ئەو راگەیاندنەی زاوا، دوو یان سێ کەس لە ریـش سـپیانی میـوان دەچنە ماڵی بوک و هەواڵی خۆشـیان پڕادەگەیێنـن: "کیـژی ئەوان رووسـپی بـوو". (*«keje êvan ryêssepi bou»* یـان *«keine êdi halal nan»*[38] *«vorde»*).

زۆر بە دەگمەن روودەدات کە کچـی کـورد، کچێنـی خـۆی لەدەسـت دابێت. بەڵام ئەگەر شتێکی وەها رووبـدات، زاوا هەرگیـز، وەک کـوردان دەڵێن، لەقاودانی ئاوەها "نائاسایی و نامرۆڤانە و دڕندانە" ئەنجام نادا. بەڵام لە ژنەکەی یەکجـار زۆر بێـزار دەبـێ و رق و کینە لە ماڵبـاتی، و ئەگەر لە عەشیرەتێک دیکە بێ، لە عەشیرەتەکەی هەڵـدەگرێ کە بە رشتنی خوێن کۆتایی پێدێ. بەڵام رووداوی وەها کاتێـک لەقـاودەدرێ، ئەگەر زاوا، بوکی لە عەشیرەتێکی دۆژمن هەڵگرتبێ یـان لە دۆژمـن و رەقیـبی خـۆی دزی بـێ. ئیـتر زاوا بە سەرشـۆڕیی لە ژووری بـوکێنی دیتە دەرەوە و بەوپەڕی دڵنیگەرانییەوە ئاماژە بە بـوک دەکـات و دەڵـێ: "ئێسـتا پـاش ئەنجامـدانم، خـووا ئاگـادارە، بەپێـی یاسـای پێغەمبەر و بەپێی پەند و راوێژی خەڵک، رادەگەیێنم کە پاکبوونم لەو کچە نەبینیوە کە دەبوو هەڵگـری ئەو رەوشــتە مەزنە بـێ، کەوابـوو مـن بەئاگـاداریی هەمووو ئێوە، بێـزاری و نفـرت لەو کچە کە پێـش مـن لەگەڵ کەسـێکی دیکە بووە رادەگەینێم و بۆ ئەوەی تەڵاقم کەوێ، سـێ بەرد هەڵـدەگرم

---

37 جگە لە Allah و jenê eme (ژنی من)، ئەوەیتر مانای نییە. کورد هەرگیز وشـەی "ئەللا" بەکار ناهێنێ و لە واتەی "خۆدا" یان "خۆدێ" کەڵکوەردەگرێ کە لە ئایینی زەردەشــتەوە بـۆی ماوەتەوە-. د. ن. ماڵپەڕ.

38 ئەو واتایە هیچ مانایەکی نییە. -. د. ن. ماڵپەڕ.

و فڕێ دەدەم". پاشـان سـێ بەرد هەڵـدەگرێ و فڕێ دەدات و تفیـان لێـدەکات و دەڵـێ: "هەر چـۆن ئەو بەردانـم فڕێـدا، ئەو ژنەش بەڕەڵا دەکەم و ئیتر ژنی من نییە".

بێگۆمـان پـاش ڕووداوێکـی وەهـا ئەو کچە لاوە بەدبەختە، دەبـێ چ هەست و نەستێکی ترسناکی لا درۆست ببێ! پاشان هەموو خشـڵ و خەمڵ و جلکی بوکێنی لەبەر کچە دادەکەنن و ڕووی بە ڕەژی ڕەش دەکەن و تەنیـا بە کراسـێکەوە بەپێچەوانە سـواری کەرێکـی دەکەن و کلکی کەرەکەی دەدەنە دەسـتی و گشـت خەڵـک، پیـاو و ژن، تـف لە ڕووی دەکەن و جنێوی هەرە پیس و ناشیرین بە خۆی و دایک و باوک و خـزم و کەس و گشـت عەشـیرەتەکەی دەدەن. تێدەسـرەوێنن، بەرد و قـوڕ و پەیـن و ڕیخـی پـێ دادەن و بەنێـو گونـد و مەزرادا دەیگێـڕن و بەگریان دەینێرنەوە مـاڵ و عەشـیرەتی خـۆی. تـازە لە مـاڵی بـاوکی و لەنێـو عەشــیرەتی خۆشــیدا بەتــاوانی ئابــڕوو بردنــی ماڵبــاتی و عەشـیرەتی، هەمـان جنێـو و تۆک و نفریـن چـاوەڕوانی دەکـات و ئیـتر هەرگیز بیر لە هیـچ پیـاوێکی دیکە ناکـاتەوە و تـا مـردن بە کەنەفـتی و زەلیلیی لە کۆنجی تەنیاییدا بەسـەر دەبا.

لەوانەی زۆر کەس پرســیار بکەن، بلێـی زاوا درۆ نەکـات؟ بـۆ دەبـێ ڕاست باوەڕ بە زاوا بکرێ؟ بەداخەوە شتی وەهـاش ڕوودەدات. کاتێـک کەسێک بخوازێ نەیار و یان ڕەقیبی خۆی تێبچۆنێ جا چ بە پارە بـێ و چ بە ڕێککەوتن. کچێک بدزێ و پەیمـانی هاوسـەریی لەگەڵ ببەسـتێ و دەسـت بـۆ شـێوەیەکی وەهـا ئاپڕووبەرانە بەرێ، تەنیـا لەبـڕی تـۆڵە ئەسـتێندن لە دوژمنەکەی و یـان عەشـیرەتە نەیـارەکەی. لە وڵامـی پرسیاری مـن کە بـۆچی دەبـێ یەکڕاسـت بـاوەڕ بە زاوا بکرێ و هیـچ لێکـۆڵینەوەیەکی بـۆ نـاکەن، کوردەکـان دەڵێـن: ڕووداوێکـی وەهـا بـۆ

لێکۆڵینەوە نایێت و دەبـێ بـاوەڕ بە زاوا بکـرێ. لەلایەک، زاوا پـارەیەکی یەکجـار زۆری بـۆ وەدەسـتهێنانی کچەکە خەرج کـردووە کە بـۆی ناگەڕێتەوە و لە لایەکـی دیکە، زۆر بـاش دەزانـێ کە ئەگەر تـۆمەتێکی وەهـا بـۆ بـوک هەڵبەسـتێ خـۆی و عەشـیرەتەکەی لەگەڵ نفریـن و تووڕەیی خووا رووبەروو دەبنەوە و بێ ئاپڕووییەکی مەزنیش بۆ خـۆی و عەشیرەتەکەی سازدەکات.

پەشـیمان بـوونەوە، پـاش نیشـانەکردنی بـوک، ڕێگـا پێـدراوە. پـاش هەڵوەشاندنەوەی مارەیی، باوکی کـچ مـافی ئەوەی هەیە "مـاڵ"[39]ی خۆی بە کەسێکی دیکە بفرۆشـێ، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بێ تـا زاوای پێشوو ژن بهێنێ. دەنـا لە کـاتی گواسـتنەوەی کچەکە بـۆ پیـاوێکی‌تر، بێگۆمان رووداویی خۆێناویی لێدەکەوێتەوە. کوردان ئەو کـارە، بەو جـورە لێکدەدەنەوە: "چارەنووس، ئەستێرەی بەخـتی ئەو کـچ و کـوڕەی لێـک نزیـک کردبۆوە، بەڵام ئێمە بـۆین بە بەربەسـت و نەمـان هێشـت، ئێستاش تاکۆ ئەستیرەی بەختی ئەو کوڕە لەگەڵ ئەستیرەی بەخـتی کچێکی دیکە نزیک نەبێتەوە، ڕەوا نییە کچی خۆمان بفرۆشـین. ئەخـر! کوڕ ئەستونی ماڵباتە و کچ تەنیا "ماڵ"ە بۆ فرۆشتن".

بەڵام پـاش پەشـیمان بـوونەوە، زۆر ئاسـایی کە زاوای تـازە، خۆشەویستەکەی خۆی بدزێ، دەنـا بە پێـاوێکی دلێـر و ئازا ناناسـرێ. پیـاو بەدزینـی بـوک لە رەقیـب و نەیـار، دلێریـی و ئازایـی خـۆی دەسەلمێنێ و ئەوە کـارەش زۆر بە ئاسـایی لە کـاتی زەماوەنـد دەقەومێ و رووداوی دڵتەزێن و خەمباری لێدەکەوێتەوە. بـۆیە لە کـاتی زەماوەندا زاوا و هاوڕییانی چەک هەڵدەگرن. لە حالەتی وەهادا، بـوک بـۆ ئەو کەسە دەبـێ کە بتـوانێ بیـدزێ و ئەو زاوایەش کە بـوکی لـێ

39 "ماڵ" بە تورکی بە مانای "کاڵا"یە، نووسەریش هەر بەو مانایە بەکاری هێناوە. -. وەرگێر.

بدزرێ، بە کەسێک کە شایستەی خاوەنداریی بوکی نەبووە، هەڵدەسەنگێندرێ.

سرنجڕاکیش ئەوەیە کە کورد، هیچ کاتێک ژنی خۆی بەناو، بانگ ناکات و بە: "ژنەکە" و یان لە بەرامبەر کەسانیتردا بە، "کچی خەزورم" یان "بوکی باوکم" ناوی لێدەبات.

بۆ تەوا کردنی ئەو نووسراوەیە، پێویست بوو باسی ناشتنی مردوو یان کوژراو و هەروەها سەرەخۆشیشم بۆتان کردبا، بەڵام دەترسم درێژدادڕی بێ، بۆیە لیرەدا کۆتایی بەو نووسینە دینم و هیوادارم توانیبێتم سەبارەت بە ژیانی کوردانی هەرێمی ئازەربایجانی پارس هێندێک زانیاری کەمتاکورت، بەڵام بەکۆنکرێتی پێشکەشی ئێوەم کردبێ.